# ڕۆستەم و زۆراب

**بە ڕێنووسی نوێ و لەگەڵ فەرهەنگۆک**

**ئامادەکردنی:**

**زریان سەرچناری/ڕێکخراوی کوردیپیدیا**

**٢٠٢٤**

ناونیشانی پەرتووک: ڕۆستەم و زۆراب

نووسەر: ؟

ساڵ و شوێنی چاپ: ؟

چاپخانە: ؟

گرنگیپێدان و خستنە سەر تۆڕی ئەنتەرنێت: ماڵپەڕی کوردیپێدیا

هێنانە سەر ڕێنووسی نوێ و فەرهەنگۆک: زریان سەرچناری

ساڵ: ٢٠٢٣ - ٢٠٢٤

## بسم الله الرحمن الرحيم

١ بەناوی خودای گەورەی لامەکان // خالقی خەلق و ئەرز و ئاسمان
٢ دنیای درووستکرد بە یەک کون فەکوون // بێ میسل و مانەند، پادشای بێچوون
٣ سەتتار و سەرپۆش ئیش و کاری بەد // مەلیکولمولووک ئەڵلاهوسسەمەد
٤ ئوستادی نەقاش ڕووی عالەم تەواو // کێ دیویە سوورەت بگرێ لەسەر ئاو
٥ ئیجادکونەندەی جەمعی مورسەلیین // ئەولیا و ئیمام عالمانی دیین
٦ پاڵەوانانی بەقووەت و تاب // ڕۆستەم و زۆراب، شای ئەفراسیاب
٧ لە پاش مەعرەکە و شەڕ و کارزار // بردنییە عەدەم، خالقی جەببار
٨ یاڕەب بەحەققی ئەحمەدی موختار // بە جەمعی ئەسحاب، مەردانی ناودار
٩ بمانخەیتە سەر ڕێگای موستەقیم // نەبین شەرمەسار، غەفوور و ڕەحیم
١٠ بدە تەوفیقم خالقی عالەم // بنووسم باسی جەنگنامە ڕۆستەم
١١ وا بەیا دەکەن پیاوانی پێشین // ڕۆژێ لە ڕۆژان بەدڵی غەمگین
١٢ دانیشتبوو ڕۆستەم عاجز و غەمبار // لە پاشان هەڵسا بچێ بۆ شکار
١٣ شمشێری هەڵگرت کەمەند و کەوان // گورزی گاوسەر، خەنجەری دەبان
١٤ سواری ڕەخش بوو، پەڕندەی تەییار // ڕووی کردە سەحرا بۆ ڕاوو و شکار
١٥ ڕووی کردە جەنگەڵ سەحرا و کۆساران // جێگای نێچیر و ئاهووی تەتاران
١٦ لەپڕ لە سەحرا چەند گوور دیاری دا // ڕۆستەمی دەستان بەگورجی خێرا
١٧ بە پەنجەی پڕ زۆر حەوایدا کەمەند // گوورێکی گەورەی هێنایە ژێر بەند
١٨ سەرەکەی بڕی، پێستی کەند خێرا // لە بێخ درەختی هەڵکەند زوو ئازا
١٩ گۆشتی گوورەکەی پارچەکرد بە تیغ // ئاگری کردەوە و گۆشتی دا لە سیخ
٢٠ گۆشتەکەی برژا کردی نۆشی گیان // هەموو گۆشتی خوارد، فڕێیدا ئێسقان
٢١ وەختێ کە تێربوو مەیلی خەوی کرد // جێگای چاککرد و ڕاکشا دەستوبرد
٢٢ سیلاحی شەڕی لەخۆی کردەوە // سەری نایەوە خەوی بردەوە
٢٣ ڕەخشی بەردایە سەوزە و مێرغوزار // لەناو چیمەن گوڵ، خۆش و لالەزار
٢٤ لە لەشکری تورک لەپڕ (دە)سوار // هاتنە ئەو شوێنە بۆ ڕاوو و شکار
٢٥ بەدوای نێچیردا دەگەڕان سەردەم // کاتێ چاویان کەوت بە ڕەخشی ڕۆستەم
٢٦ چوون دەورەیان گرت بێ هەست و بێ دەنگ // ڕەخش لەگەڵیان دەستی کرد بە جەنگ
٢٧ نەعرەتەی کێشا پڕماندی چەند جار // ڕۆستەم لە خەوی، هیچ نەبوو بێدار
٢٨ لەگەڵ سوارەکان دەستی کرد بە شەڕ // ئەسڵەن نەترسا ڕەخشی هونەروەر
٢٩ عاقیبەت (سێ)کەس لە تورکی بێ خێر // کوشتی بە چەپۆک ڕەخشی دەنگدلێر

٣٠ حەوت نەفەرەکەی تریان دەستوبرد // چواردەوری ڕەخشیان جا ئازانە گرت

٣١ بە زۆری کەمەند کردیانە ناو داو // گەڕانەوە دوا بەبێ خورد و خاو

٣٢ شارێکی گەورە نزیک بوو کەوا // شاری (سەمەند)یان پێ دەگوت ئەوسا

٣٣ بردیان بۆ شاه، ڕەخشی هونەرمەند // کە چاوی پێ کەوت شاه کردی پەسەند

٣٤ ئەمجا پادشا ئەمری کرد، ئەمیر // بردیە تەویلە، ڕەخشی کرد زنجیر

٣٥ وەختێ کە ڕۆستەم لە خەو بوو بێدار // تەماشای باغی کرد و مێرغوزار

٣٦ تێ فکری ڕەخش ئەسەری نییە // هیچ تێ نەگەیشت ئەو سڕە چییە

٣٧ ئەمجا سەیری کرد (سێ)لاشەی بێ گیان // کەوتووە لەگەڵ شمشێر و کەوان

٣٨ شوێن پێی چەند سواریش دیارە لە زەمین // ئەمجا تێ گەیشت ڕۆستەمی گوزین

٣٩ کردییە بەر، زرێی پۆستی بەور بەقار // گورزی کردە کۆڵ، وەک شێری شکار

٤٠ زینەکەی ڕەخشی گرت بەکۆڵەوە // ڕۆیشت لە سەحرا و دەشت و چۆڵەوە

٤١ خەریک ما لەناو بیابان و چۆڵ // گورز لەسەر شان و زین لە پشت و کۆڵ

٤٢ هەموو جار دەیگوت (سەد)شوکر ئەڵڵا // شەرمەندە مەکە، عەبدی ڕووسیاه

٤٣ لەلای هاوسەران نەبم شەرمەسار // نەمکەی بە جێگای تانەی ڕۆژگار

٤٤ زۆر کەس دەڵێن پێم بێدەسەڵاتە // ڕەخشیان لێ سەندووە بەزۆر، وا ماتە

٤٥ خۆ من بە بێ ڕەخش پەشێوە حاڵم // کێ بۆم هەڵبگرێ گورز و گۆپاڵم؟

٤٦ لە ڕێگای حەوتخوان گیانم بە ئەو بوو // ڕەفیقی چۆڵم، هاوڕازی شەو بوو

٤٧ بە دوای ڕەخشا چوو، جیهانپاڵەوان // بڕی ڕێی سەحرا و چۆڵ و بیابان

٤٨ مەنزڵ بە مەنزڵ تا توران زەمین // ڕۆیشت بە دڵی عاجز و غەمگین

٤٩ دەچوو بەرێوە وەک کێوی ئەلبورز // زەمین لەژێر پێی ڕۆستەم هاتە لەرز

٥٠ وەختێ بەیانی کاتێ دەرکەوت خۆر // جا شاری (سەمەند)دیاریدا لە دوور

٥١ ئێشکچی دییان کە لەسەر حەسار // بەتالووکە چوون، بۆ لای شەهریار

٥٢ وتیان پیاوێ دێت لە دوور دیارە // یەقین پاڵەوانی خەنجەرگوزارە

٥٣ پۆشیویە لەبەر زرێی ئاسنین // وا بەشانییەوە گورزێ، لەگەڵ زین

٥٤ شاه وتی: تەحقیق ئەوە ڕۆستەمە // پیادەیە و تەنها، دڵی پڕ غەمە

٥٥ لە دەشتی ڕاودا خەوی کردووە // خەوتووە ئەمجا ڕەخشیان بردووە

٥٦ شاه کە ئەمەی بیست هەڵسا لەسەر تەخت // چوو بۆ پێشوازی شاهی بڵندبەخت

٥٧ چەند لە وەزیران خاسی شەهریار // چوو بۆ پێشوازی ڕۆستەمی ناودار

٥٨ یەک یەک ماچیانکرد چەند جار دەست و پێی // کەوتن لە زەمین لەژێر خاکی پێی

٥٩ شاه پرسی ڕۆستەم تۆ کوڕی زاڵی // بۆچی پیادە و پەرێشان حاڵی؟

٦٠ ڕاستیم پێ بڵێ کێ ئەمەی کردووە؟ // کێ لە سەحرادا ڕەخشی تۆی بردووە؟

٦١ کێ بێ لەگەڵ تۆ پەنجەبازی کا // کێ حەددی هەیە کە نازی کا؟

٦٢ جوابی دایەوە ڕۆستەمی دەستان // وتی گوورێکم کردبوو بریان

٦٣ تێرتێر گۆشتم خوارد چاوم چووە خەو // بێ ترس لە دوژمن، بێ خۆف لەم و لەو

٦٤ گورزی گاوسەر لەژێر سەرما بوو // کە هەڵسام نوارِیم ڕەخش نەمابوو

٦٥ شوێنم هێناوە هەتا ئەم شارە // ڕەخشم لێرەیە مەعلووم دیارە

٦٦ بە غەزەب هاتووم ڕەخش پەیداکە // یاخۆ شوێنەکەی لە شار جیاکە

٦٧ لەژێر زەمین بێ یا لە ئاسمان // دەبێ ڕەخشی من پەیداکەن ئەلئان

٦٨ ئەگینا بەزات خودای بێهەمتا // من کارێ دەکەم خوێن لاشە ببا

٦٩ لەگەڵم مەکەن هیچ حیلە و ئەفسوون // با بە تیغی من نەبن سەرنگوون

٧٠ قەسر و هەیوان و دەروازە و حەسار // با بەگورزی من نەبێ یەختەسار

٧١ شاهـ کە ئەمەی بیست، لەرزیی هاتە گیان // لەرزی هەر وەکوو بێ سەر شتاوان

٧٢ وتی بە ڕۆستەم دڵت ببێ شاد // غەم و پەژارە تۆ بدە بە باد

٧٣ بەتوندوتیژی کار ناچێتەسەر // مار بە قسەی خۆش لە کون دێتە دەر

٧٤ میوانی عەزیز نووری دیدەمی // تۆ گەورە و سەردار بەرگوزیدەمی

٧٥ هەموو خەزێنە و گەنج و مەتاعم // کەنیز و غولام زێڕین کولاهم

٧٦ هەموو خاکسار خاکی ژێر پاتن // فیدای سمی ئەسپ جیهانپەیماتن

٧٧ ئەمشەو لێرە بە، هەتا بەیانی // خۆش ڕابوێرە بێ دڵگرانی

٧٨ جا ڕۆستەم دڵی ساکنبوو لە دەرد // ڕووی کردە چادر ئالای لاجیوەرد

٧٩ کەنیزەکانی دیبای چینی پۆش // کەمەر بەستەکان دانەی دووڕ لە گۆش

٨٠ سەف سەف جەمع بوون جا بۆ تەماشا // ڕۆستەم چووە سەر تەختی پادشا

٨١ ڕۆستەمیان کە دی هەموو بوون سەرسام // لە سام و هەیبەت نەوەی زاڵی سام

٨٢ شەو بەسەردا هات ڕووی دنیا بوو تار // هەڵگیرسا چرا و فانۆسان هەزار

٨٣ هەیوان لاجیوەرد جەواهیرکاری // ئاو سارد بە گوڵاو عەنبەر دیاری

٨٤ دۆشەک و فەرشی دیبای چینی باف // بۆن میسک و عەنبەر لەگەڵ میسکی ناف

٨٣ ساقی مەشغووڵی شەرابی ناب بوو // مەجلیس فەرەحبەخش بەزمی شەراب بوو

٨٦ مەحرەمێکی شاهـ لە مەجلیس هەڵسا // ڕۆیشتە حەرەم خەڵوەتخانەی شا

٨٧ وەسف و تەعریفی جیهانپاڵەوان // کردی لە خدمەت بانووی بانووان

٨٨ خولاسە ئەمجا لەپاش نیوە شەو // مەجلیس بڵاو بوون کردیان مەیلی خەو

٨٩ شوعلەی چاچرا و فانۆسی گەوهەر // دابووی لە جامرِیز وەکوو شەوقی خۆر

## باسی هاتنی تەمینە کچی پادشاهـ
## بۆ چاوپێکەوتنی ڕۆستەم

٩٠ کچی پادشاهـ سەودای کەوتە سەر // بەڕوخسار وەکوو مانگی منەوەر
٩١ برۆی قەترانی قەڵەم کەشیدە // برژانگی ئەڵماس سوورمە نەدیدە
٩٢ زوڵفی سیاهمار خاڵانی جەوهەر // لێوی وەک لەعل، ددانی گەوهەر
٩٣ بەبالا وەکوو مەلەک و پەری // دەدرەوشا وێنەی زوهرە و مشتەری
٩٤ لەسەر هەتا پێی، زەڕە نەیبوو عەیب // درووستکرابوو لە کارخانەی غەیب
٩٥ وەختێ نیوەشەو کە لە خەو هەڵسا // لیباسی جوانی بە بەدەن پۆشا
٩٦ خۆی ڕازاندەوە وەک کۆمەڵی نوور // وەکوو خۆر شوعلەی پەیدابوو لە دوور
٩٧ کە شەو نیوەبوو هەڵساوە دەردەم // چووە ژوورەوە بۆ سەیری ڕۆستەم
٩٨ وەک مانگی چواردە چوو دانیشت لە لای // بە پەنجەی ڕەنگین شێلای دەست و پای
٩٩ کە لە خەو هەڵسا ڕۆستەمی دەستان // دی دانیشتووە مانگێکی تابان
١٠٠ ڕۆستەم وتی پێی ئەی دیدەشاباز // بۆچی تۆ هاتووی چیتە تۆ نیاز؟
١٠١ وتی پەهلەوان گوێ بدە ڕازم // لە خدمەت تۆدا وایە نیازم
١٠٢ لە ڕاز و قسەم تو خوا مەگرە عەیب // ئەڵبەت مەعلوومە لە کارخانەی غەیب
١٠٣ ئاواتەخوازبووم دڵ پڕ دەرد و غەم // بە چاو ببینم من بالای ڕۆستەم
١٠٤ ئەمە چەند ساڵە من ئارەزوومە // هەر چاوەڕوانی دیداری تۆمە
١٠٥ بیستم چووی بۆ ڕاو گوورت گرتبوو // پاش خواردن مەیلی خەوت کردبوو
١٠٦ من (دە)سوارم نارد بەتەعجیل و دەو // ئەمرم پێکردن نەکەن خورد و خەو
١٠٧ بەڵکوو ڕەخشی تۆ بگرن بە ئەسیر // بی هێنن بۆ لام زوو بەبێ تەقسیر
١٠٨ هەتا بە شوێنیا تۆ بێیت بتبینم // مەقسەدم وا بوو ڕۆحی شیرینم
١٠٩ ڕێگای حەوتخوانت تۆ کرد یەختەسار // تەیی دنیات کرد بە تەنیاسوار
١١٠ نە (ئالکووس)ی تورک نە ئەفراسیاب // هیچ کەس لە مەیدان تۆ نەیکرد شتاب
١١١ ئێران و توران هێناتە ژێر دەست // چەند هەزار شێرت بەزەربی مشت، کوشت
١١٢ ئەمانەم بیستووە ڕۆژ و مانگ و ساڵ // ئارامم نییە تۆم وا لە خەیاڵ
١١٣ ئێران و توران هەر تۆی وا تێدا // وێنەی من بۆ تۆ کچ نابێ پەیدا
١١٤ هیچ کەس نەیدیوە قەد و بالای من // حوسن و جەماڵی خاڵی ئالای من
١١٥ ئەگەر لە باوکم داوای من بکەی // ئەمجا گۆی مەردی لە دنیا دەبەی
١١٦ کوڕێ لە من و لە پشتی تۆ بێ // ئێران و توران دەبێ گشت کۆ بێ
١١٧ کچی پادشای سەمەندگانم من // هەڵبژێردراوی ڕووی جیهانم من
١١٨ شاهانی دنیا ئاواتخوازمن // پێکراوی تیری غەمزەی نازمن

١١٩ ئەمەی وت ڕۆیشت سەرووی خەرامان // تەنها مایەوە ڕۆستەمی دەستان
١٢٠ ڕۆستەم سبەینێ دانیشت لە مەقام // داوای کرد وەزیر خاوەن عەقڵ و فام
١٢١ هەموو بەگلەران مەرسەعی کەمەر // هاتن بۆ مەجلیس گشت دەستەونەزەر
١٢٢ وەزیرێکی نارد بۆ لای پادشا // وتی لە مەجلیس حازربێ ئێستا
١٢٣ پادشا ئەمەی کە بیست دەر زەمان // هیچ نەیگرت قەرار زوو هاتە دیوان
١٢٤ هاتە خزمەتی جیهانپاڵەوان // سەلامی لێ کرد دانیشت لە دیوان
١٢٥ ڕۆستەم جا وتی شاهی جیهاندار // عەرزێکم هەیە دڵت نەبێ زار
١٢٦ ئێستا من و تۆ با بکەین تەدبیر // شەرت و پەیمانێ بکەین بێ دڵگیر
١٢٧ گوڵێ لە باغت کەرەم کە پێمان // هەتا گەورەییت مەعلووم بێ لێمان
١٢٨ شاه ئەم قسەیەی کە بیست لە ڕۆستەم // لە خۆشی سەری چووە چەرخی حەوتەم
١٢٩ وتی پاڵەوان چی تۆ مەیلتە // کچ و تەخت و تاج گشت توفەیلتە
١٣٠ قازی تەڵەب کرد دەر لەحزە و دەردەم // مارەی تەمینەی بڕی لە ڕۆستەم
١٣١ زەماوەندیان کرد چەند ڕۆژ بە کەرەم // جیهانپاڵەوان ڕۆیشتە حەرەم
١٣٢ ڕۆستەم حەیرانی گۆنای ئاڵی بوو // سەرسام لە جەمال زوڵف و خاڵی بوو
١٣٣ گاه ماچی دەکرد لە گەردنی بێگەرد // گاه دەستی لەسەر شەمامانی زەرد
١٣٤ ئەو شەوە جووتبوون بەکامەرانی // زۆر کەیفیان کرد بەشادومانی
١٣٥ لە بازوویدا بوو ڕۆستەمی دەستان // دانە گەوهەرێ قیمەتی جیهان
١٣٦ گەوهەرێ کەوا دانەی دیاربوو // دووڕی خەزێنەی کەیکاووس شا بوو
١٣٧ ڕۆستەم کردییەوە لە بازووی دەر حاڵ // دای بە تەمینەی بە حوسن و جەماڵ
١٣٨ وتی گەر خودا خالقی عالەم // کوڕێکی پێ دای لە نوتفەی ڕۆستەم
١٣٩ تۆ ئەم گەوهەرە بکەرە بازووی // با هەڵی بگرێ نیشانەی بابووی
١٤٠ خۆ ئەگەر کچ بوو لە زولفی بەستە // هەتا وەختی خۆی ئەمجا بووەستە
١٤١ وەختێ سبەینێ کە لە خەو هەڵسا // ئەسڵەحەی هەڵگرت، خوفتانی پۆشا
١٤٢ ڕەخشی زین کرد و دەر حاڵ بوو سوار // هیممەت خوازی کرد، لەلای شەهریار
١٤٣ بەیەلغار و تاو چووەوە ئێران // هاتنە پێشوازی هەموو دلێران
١٤٤ شاه وتی ڕۆستەم تۆ نەبووی دیار // بە بێ تۆ ئێران دەکەن یەختەسار
١٤٥ بە بێ تۆ عەمرم پوچ و (هەبا)یە // تاج و تەختی من بە تۆ ڕەوایە
١٤٦ ڕۆستەم عەرزی کرد تۆ نیتە خەبەر // ماجەرای سەیرم من هاتووە بەسەر
١٤٧ لە دەشتی شکار شای ئەفراسیاب // کردم ئارەزووی خواردنی کەباب
١٤٨ گوورێکم کوشت و برژاندم یەکسەر // تێرم خوارد و خەوتم بێ خەبەر
١٤٩ خەبەرم بووەوە ڕەخش نەمابوو // سەری (سێ)نەفەر لە بێخ کەنرابوو

١٥٠ پیشم خواردەوە سەرسام بووم بەقین // بەدوای ڕەخشا چووم بۆ توران زەمین

١٥١ لە شارێک کەوا (سەمەند)ی ناو بوو // زۆر بەئاسانی ڕەخشم پەیدابوو

١٥٢ لەلای پادشایەک شەو بووم میوان // بەکیف و زەوق و بەدڵی شادان

## باسی لەدایکبوونی زۆراب

١٥٣ لە شاری (سەمەند) تۆ بێنە ئەحواڵ // باسی تەمینە شۆخی سەوسەنخاڵ

١٥٤ دائیم بۆ ڕۆستەم پەرێشان حاڵبوو // دەروون پڕ دەرد و جەستەی زوخاڵ بوو

١٥٥ باری حەملی بوو نۆ مانگ بوو تەمام // کوڕێکی هێنا (زۆراب)یان نا نام

١٥٦ زوو مژدەیان برد بۆ ڕۆستەمی زاڵ // کە کوڕێکت بوو پڕ حوسن و جەماڵ

١٥٧ ڕۆستەم کە بیستی زۆر بەدڵخۆشی // ئاڵتون و زیوو و گەوهەری بەخشی

١٥٨ فەرمووی خەزنەدار زێڕ و جەواهیر // باریان کرد لە ئەسپ وەک سەنگی باهیر

١٥٩ دانەی یاقوت و خەزێنە بەبار // ناردی بۆ توران بۆ کوڕی نازدار

١٦٠ وتی خەرجی کەن بۆ سەروکاری // خودای تەعالا بێت ئاگاداری

١٦١ زۆراب بە یەک ساڵ وەک دووساڵە بوو // لە پێنج ساڵیدا سەرقەباڵە بوو

١٦٢ مناڵی دەگرت دەیخستە زەمین // دەست و پێی دەبەست بەقار و بەقین

١٦٣ چونکە لە نەسلی پاکی ڕۆستەم بوو // لەسەر دنیادا مانەندی کەمبوو

١٦٤ بە پەنجەی پڕ زۆر هەڵی دەکەند سەر // هاوتای هیچ نەبوو لە جنسی بەشەر

١٦٤ تورکان لە دەستی بووبوون سەرگەردان // کەس نەی دەتوانی لای ببێ یەک ئان

١٦٥ ڕۆژێ پێیان وت زۆڵی بێ حەیا // بێ باوکی ئەحمەق، مادەربەخەتا

١٦٧ هیچ کەس نازانێ ئەسڵت وا لە کوێ // تۆ لە نوتفەی کێیت بێ شەرت و بێ شوێ

١٦٨ زۆراب ئەمەی بیست بەقار و بەقین // چوو بۆ لای دایکی بەدیدەی گرین

١٦٩ وتی ئەی دایە تو خودای عالەم // ڕاستم پێ بڵێ بە بێ زیاد و کەم

١٧٠ بە شان و بازوو من هونەرمەندم // لەناو مەخلووقا یەکجار پەسەندم

١٧١ عالەم دەزانێ من یەکجار مەردم // شێر حەددی نییە بێتە نەبەردم

١٧٢ گەر دێوی مەلعوون بۆم بێتە مەیدان // ڕیشەی دەکێشم بە عەونی یەزدان

١٧٣ باوکی من کێیە؟ هەر بڵێ ئێستا // هەتا بە دەستم نەبینی سزا

١٧٤ لە من گەرەکتە کام بکەی حاسڵ // باوکم نیشاندە هیچ مەبە خجڵ

١٧٥ دایکی وتی پێی ئەی بەرگوزیدەم // فەرزەندی عەزیز باوک نەدیدەم

١٧٦ بە واتەی ڕەقیب دڵ پڕ قار و ژەنگ // بە قسەی بەدکار دڵت نەبێ تەنگ

١٧٧ کێ بێ لەگەڵ تۆ پەنجەبازی کا // بێتە مەیدانت و نازی بکا

١٧٨ باوکت ڕۆستەمە شای کەمەرلاڵە // شێر لەبەر چاوی وەکوو مناڵە

١٧٩ لە حەوتخوانەوە تا مازندەران // پاکی کردەوە لە جادووگەران
١٨٠ جا زۆراب دڵی ساکن بوو لە غەم // لە خوشیا سەری چووە چەرخی حەوتەم
١٨١ وتی کە باوکم ڕۆستەم بێ بە خوا // ئێران و توران دەگرم سەرتاپا
١٨٢ بە تەوفیقی حەق جیهان ئافەرین // من لەشکر دەبەم بۆ ئێران زەمین
١٨٣ نە گیو، نە گودەرز، نە زەنگەی پڕ زۆر // نە تووسی نەوزەر، نە بارامی گۆر
١٨٤ نە زاڵ و نە دێو، نە کاووسی کەی // نە پاڵەوانان موڵکی دەشتی ڕەی
١٨٥ لەگەڵ شای ئێران دەیانهێنمە دەست // لە پاش ئەمانە وەکوو شێری مەست
١٨٦ لەگەڵ شای تورکان دەنوێنم عیتاب // دەچمە سەر تەختی شای ئەفراسیاب
١٨٧ زۆراب لە دایکی ئەمجا دەستوبرد // سوپا و لەشکری زۆری تەڵەب کرد
١٨٨ سوپایان ساندا لە تورکانی چین // لە سمی ئەسپان دەلەرزی زەمین
١٨٩ دایان لە تەپڵ و کەڕەنا و نەفیر // بارکرا پارە و گەنجی بێ نەزیر
١٩٠ وەختێ حازر بوو سوپای بێ شومار // زۆراب فکری کرد لەچی بێ سوار
١٩١ دەستی دەنایە سەر پشتی ئەسپان // سست دەبوون لەبەر زۆری پەهلەوان
١٩٢ هاتە لای زۆراب جا نەوجەوانێ // وتی لەلامە من مادیانێ
١٩٣ کە ئەو لە نوتفەی ڕەخشی ڕۆستەمە // لە ڕووی دنیادا مانەندی کەمە
١٩٤ ئەو شەوەی ڕەخشی ڕۆستەم لە ماڵ بوو // دایکی ئەو ماینەم ئەوسا بەفاڵ بوو
١٩٥ ئێستا لە نوتفەی ئەسپێ پەیایە // لایەق بە سواری جەنابی شایە
١٩٦ دەفڕێ وەکوو تەیر دەڕوا وەکوو با // هەر ئەو ئەسپەیە دڵی تۆ شاد کا
١٩٧ زۆراب وتی پێی ئەو ئەسپە بێنە // بە ئینسافی خۆت گەنجم لێ بسێنە
١٩٨ وەختێ کە ڕۆیشت ئەسپی هێنا زوو // عەینەن بەوێنەی ڕەخشی ڕۆستەم بوو
١٩٩ گەلێ خوشحاڵ بوو زۆرابی ناودار // شوکری کرد بۆ زات خودای کردگار
٢٠٠ دەستی بردە سەر باریکی پشتی // ئەسڵەن نەلەخشا لەژێری مشتی
٢٠١ چوون بۆیان هێنا زینی مجەوهەر // لایەق بۆ ئەسپی شاهی ئەسکەندەر
٢٠٢ وەختێ بەیانی کە خوێندی خورووس // هەڵسا لە سوپا، دەنگی تەپڵ و کووس

## باسی لەشکربردنی زۆراب بۆ سەر ئێران

٢٠٣ زۆرابی دانا شێری هونەروەر // زرێ و خوفتانی دەر حاڵ کردە بەر
٢٠٤ لەگەڵ چوار ئایین خودە و تاسکڵاو // هەڵی گرت ئەسباب و تیغی میسری ساو
٢٠٥ برایەکی بوو تەمینەی بێعەیب // زوبانی لاڵ بوو لە کارخانەی غەیب
٢٠٦ تەمینە وتی برا گیان ئامان // دەخیل سەد دەخیل دەستم بە دامان

٢٠٧ لەگەڵ زۆرابا بچۆ بۆ ئێران // بۆ جەنگ و جیدال لە عەرسەی مەیدان

٢٠٨ ئەگەر ڕۆستەم و زۆراب لە مەیدان // کەوتنە شەڕەوە یەقین برا گیان

٢٠٩ ڕۆستەم لەم کوڕەی نازانێ خەبەر // مەبادا بیکوژێ لە مەیدانی شەڕ

٢١٠ ئەگەر فایەق بێ ڕۆستەمی دەستان // زۆرابی نازدار دەکوژێ لە مەیدان

٢١١ لازمە ئاگاداربی برادەر // زۆراب لە ڕۆستەم نەبینێ زەرەر

٢١٢ ئەمەی وت لەشکر ڕۆیشت بۆ ئێران // بۆ شەڕ و دەعوا و جەنگی دلێران

٢١٣ گەیشتنە دەریا کەشتی کەوتە ئاو // خەبەریان زوو برد بۆ ئەفراسیاو

٢١٤ کە زۆراب ناوێ وا بەبێ درەنگ // هاتووە بۆ ئێران بۆ شەڕ و بۆ جەنگ

٢١٥ هێشتا مندالە نادیدەساڵە // مەیلی بە شەڕ و گورز و گۆپاڵە

٢١٦ ئەگەر لەگەڵ ڕۆستەم ببن ئاشکار // ڕووی هەموو دنیا دەکەن یەختەسار

٢١٧ وەختێ ئەمەی بیست پادشای توران // ئەمری کرد دەر حاڵ حازر بوو هومان

٢١٨ وتی بە گەنجوور خەزنە و ماڵی زۆر // لەگەڵ ئەسلەحەی جەنگ و شەڕ و شۆر

٢١٩ لەگەڵ چەند ئەسپی خاسەی شاهانە // بۆ زۆراب ببە لە جبەخانە

٢٢٠ دەزانم هومان هەر خۆت دەزانی // لەگەڵ دلێران مەردانی گیانی

٢٢١ کارێ بکە تۆ بە عەقڵ و تەدبیر // ڕۆستەم زەلیل کات بە پەیکانی تیر

٢٢٢ بەڵکوو زوو ڕۆستەم بکا ئەو فەنا // نەجات بین لە دەست ڕۆستەمی گومڕا

٢٢٣ دەخیل و ئەمان زنیهار سەد زینهار // ڕۆستەم لە زۆراب نەبێ ئاگادار

٢٢٤ بەڵکوو خوا بکا ڕۆستەم بێ غەمناک // بە دەستی کوڕی خۆی ببێ هەلاک

٢٢٥ هومان زوو هەڵسا لە خدمەتی شا // کەوتە کارسازی لەشکر و سوپا

٢٢٦ هەرچی شاهە وتی هێنایە ئەنجام // لەشکر حازربوو تەکمیل و تەمام

٢٢٧ سوپا ڕایی بوو ڕووی کردە سەحرا // ڕۆیشتن هەتا گەیشتنە دەریا

٢٢٨ کاتێ نزیک بوون سوپا دیاری دا // عەرزیان کرد وتیان شێری بێ هاوتا

٢٢٩ وا هات لە ڕێوە سوپای بێ سامان // نازانین هینی تورکە یا ئێران

٢٣٠ ئەمری کرد وتی بزانن خەبەر // لە کوێوە هاتووە سوپاهە و لەشکر

٢٣١ کە لەپێشەوە پەیدابوو هومان // بە عەقڵ و تەدبیر گەوهەرشناسان

٢٣٢ دابەزین سوپا لە زین بە یەکجار // هاتنە خزمەتی زۆرابی ناودار

٢٣٣ خەڵاتی شاهی و دانەی دڵپەسەند // دایانە خزمەت شێری ئەرجومەند

٢٣٤ وتی پاڵەوان شێری بەرزەجا // ئێمەی ناردووە ئەفراسیاب شا

٢٣٥ کە لەخزمەتتا بۆ هەموو خەبەر // وەکوو خزمەتکار ببەستین کەمەر

٢٣٦ خێڵی کەیانی گەلێ فێڵبازن // لەسەر ڕووی زەمین بۆ حیلە شازن

٢٣٧ ئێمە شارەزای ڕێگای ئێرانین // ئاگاداری حاڵ گشت دلێرانین

٢٣٨ مەعلوومە ڕۆستەم کە بە دەستی تۆ // زۆر بەئاسانی دەبێ ڕەنجەڕۆ
٢٣٩ دلێرانی تر وجودیان چییە // لە مەیدانی تۆ هیچ حەدیان نییە
٣٤٠ ئەگەر بە ئێمە ڕوخسەت دەی قوربان // ئێران و توران زوو دەکەین وێران
٢٤١ خولاسە سوپای تورکان بێ درەنگ // ڕایی بوون لە ڕێ بۆ شەڕ و بۆ جەنگ
٢٤٢ (سێ)ڕۆژ و (سێ)شەو ڕۆیین بەیەلغار // هەتا گەیشتنە لای سپی حەسار
٢٤٣ لە پاش ئیسراحەت خواردنی تەعام // هەڵساوە ئەمجا زۆرابی پڕ فام
٢٤٤ هەجیر ناو کوڕی گودەرز ناوێ بوو // لەسەر قەڵاکە دایم حەرەس بوو
٢٤٥ لەسەر فرمانی گودەرزی کەشواد // لەو قەڵایەدا دانیشتبوو شاد

## باسی گرفتاربوونی هەجیر بە دەستی زۆراب

٢٤٦ لەپڕ بە هەجیر کە خەبەر درا // وتیان زۆراب ناو، وا بووە پەیدا
٢٤٧ لە جەیحونەوە تا سپی حەسار // هەوا تاریک بوو لە تۆز و غوبار
٢٤٨ هەجیر ئەمەی بیست زۆر ڕقی هەڵسا // ئەسلەحەی شەڕی دەر سەعات پۆشا
٢٤٩ بەستییە پشتی تیغ و تیر و شیر // ڕووی کردە سوپا شێرانە هەجیر
٢٥٠ کە تەماشای کرد لەشکری عەزیم // واهات لە ڕێوە بەبێ خۆف و بیم
٢٥١ نیشانەی شەست و دوو هەزار سوار بوو // لە چارەیاندا غەزەب دیار بوو
٢٥٢ مەعلووم بوو لەلای شای ئەفراسیاب // سوپای ناردەوە بەتەعجیل و تاب
٢٥٣ هەجیر سواربوو ڕووی کردە بێروون // لە مەیدان وەستا وەکوو زەڕ ستوون
٢٥٤ لەشکری زۆراب لەولاوە وەستا // وەکوو شێری نەڕ سانیدا سوپا
٢٥٥ زۆراب سەیری کرد کە تەنیا سوارێ // وێنەی بەرق دەهات گەورە ناودارێ
٢٥٦ تەنها وەستاوە لە عەرزەی مەیدان // ئینتیزار دەکا وەک شێری ژیان
٢٥٧ زانی دلێرە و شێری شکارە // چاوەڕوانی شەڕ، ڕۆی کارزارە
٢٥٨ زۆراب سواربوو ڕووی کردە هەجیر // نەعرەتەی کێشا وەکوو شێری نەڕ
٢٥٩ وتی ئەی سوار بۆچی بەتەنیا // وا موعەتەڵی لە عەرزەی دەعوا
٢٦٠ هەجیر تێفکری عەجەب سوارێکە // سالاری گەورە و نامدارێکە
٢٦١ بەسام و هەیبەت بەزۆری بازوو // لەگەڵیا نابێ کەس هاوتەرازوو
٢٦٢ وتی بەڕاستی ئەم پاڵەوانە // مەردی مەیدانی دەوری زەمانە
٢٦٣ لە ڕۆژی شەڕدا بە زۆری کەمەند // زۆر کەس لە دنیا دەخاتە ناو بەند
٢٦٤ وتی ئەی سوار تۆ ناوت چییە؟ // بۆچی دەگەڕێی مەقسەدت چییە؟
٢٦٥ پاڵەوانی گورج کامین وڵاتی؟ // سەرداری سوپای کام سەر بیساتی؟

٢٦٦ پێم بڵێ کێیە باوک و ئەجدادت؟ // لە کام تایەفەی چییە مورادت؟

٢٦٧ زۆراب هاتە جواب وتی ئەی جوان // قسەیەک دەکەم لات نەبێ گران

٢٦٨ بۆچی دەپرسی لە ئەحواڵی من؟ // لە ئەسڵ و نەسەب جێگەی ماڵی من؟

٢٦٩ من هەتیوێکم بێ جەد و پدەر // نە لە تورانم نە چین نە بەربەر

٢٧٠ ئەسڵ و نەسەبم مەعلووم نییە لێم // نازانم هەرگیز کە من کوڕی کێم

٢٧١ دایکم بێ کەسە، فەقیر و هەژار // جەفا کێشی دەرد، جەوری ڕۆزگار

٢٧٢ ئێستا خەیاڵێک لە شانم بارە // هەمیشە دڵی من بێقەرارە

٢٧٣ خەیاڵم وایە دنیا سەراسەر // بێنمە ژێر حوکمم وەکوو شێری نەڕ

٢٧٤ ئەووەڵ کەیکاووس پادشای ئێران // یەخسیرکەم لەگەڵ هەموو دلێران

٢٧٥ بەڵام فیلەتەن ناوی مەشهوورە // سەرداری ئێران بەزات و زۆرە

٢٧٦ دەبێ بە کەمەند بیکەم گرفتار // ببێ بە واتەی دەوری ڕۆزگار

٢٧٧ من کە ڕۆستەمم هێنایە ژێر دەس // ئیتر قیمەتی لام نییە هیچ کەس

٢٧٨ دەچمە سەر تەختی شای ئێران دیار // دەکەمە سەرم، هەم تاج هەم تومار

٢٧٩ ئەمانە هەموو لەلام ئاسانە // دنیا لە دەستی من هەراسانە

٢٨٠ هەجیر ئەمەی بیست ڕەش بوو وە کوو قیر // دنیای لەبەر چاو بوو بە زەمهەریر

٢٨١ وتی تۆ مەغروور مەبە ئەی جوان // مەبە بە تەمای ئێران و توران

٢٨٢ فیلەتەن وەکوو شێرە دیارە // ناوی لە دەمدا وەک زەهری مارە

٢٨٣ ئەگەر لە دەستم نەجاتت بوو تۆ // ئەوسا بۆ سەر تەخت کەیکاووس بچۆ

٢٨٤ دەسی دایە تیغ مەودای پڕ خەتەر // بە زۆرابی وت بەدی بەدگەوهەر

٢٨٥ زۆراب دەستی برد وەکوو شێر ئازا // شمشێری بە زۆر لە دەس دەرهێنا

٢٨٦ گرتی پشتێنی هەجیری سەرمەست // دای بە زەمیندا هەردوو دەستی بەست

٢٨٧ بردی بۆ هومان بەدەستی بەستە // بەخواری و زەلیل سەری شکستە

٢٨٨ ئەمجا لە هەجیر لە بالای حەسار // نۆبەتچییەکان کردیان زۆر هاوار

## باسی هاتنی سەمەنبۆ بۆ شەڕ لەگەڵ زۆراب

٢٨٩ سەمەنبۆ خۆشکی هەجیری ئەسیر // زوو ڕقی هەڵسا دڵی بوو زویر

٢٩٠ لە داغا دڵی بووبوو بە کەباب // هەڵسا بستێنێ حەقی لە زۆراب

٢٩١ چوو بۆ لای باوکی دەروون پڕ لە دەرد // هەڵی گرت سیلاح ئەسبابی نەبەرد

٢٩٢ وتی بابە گیان خۆ هەجیر گیرا // لەناو عالەمان ڕوومان بوو سیا

٢٩٣ هەجیری برام وا بوو گرفتار // من جا هەڵدەگرم ئەسڵەحەی کارزار

٢٩٤ له داغ و ڕقا زۆر بوو پەرێشان // نیقابی پوشی ڕۆیشته مەیدان
٢٩٥ سواری ئەسپ بوو سەرتاپا تەیار // لغاو مرواری، ڕکاب زەڕەنگار
٢٩٦ سەرتاپا ئەسپی هەموو ئاهەن پڕ // هەناسەی دەچوو بۆ چەرخی ئەخزەر
٢٩٧ دوو زولفی ڕەشی بۆنخۆش وەک گولاو // شاردیەوە لەژێر خودەکە و کلاو
٢٩٨ ڕووی کردە مەیدان وەکوو شێری مەست // نەعرەتەی کێشا خرۆشا بەقەست
٢٩٩ زۆراب ئەمەی دی وەک شێری ژیان // بەقار و غەزەب ڕووی کردە مەیدارن
٣٠٠ سەمەنبۆ دەستی زوو برد بۆ کەوان // پێچی خوارد وەک مارزەندەی دەمان
٣٠١ شەست و دوو تێری تیژی مووشکاو // دەستکاری وەستای گەورەی تازەساو
٣٠٢ خستییە ناو کەوان هاویشتی بەقار // بەرەو ڕوی زۆراب خەدەنگانی ژار
٣٠٣ تیری پێ نەما خالی بوو کەوان // نۆبەت کەوتە دەست ئەژدیهای دەمان
٣٠٤ زۆراب ئەمەی دی موتەحەییر ما // کەمەندی هەلگرت زوو بۆی حەوا دا
٣٠٥ له سەر مالی زین، کردی سەرەوخوار // بە حەلقەی کەمەند جا بوو گرفتار
٣٠٦ دابەزی له ئەسب کە دەستی بۆ برد // کلاوخودەکەی له سەری لابرد
٣٠٧ زولفی قەترانی جوانی بۆن گولاو // دیاری دا له ژێر عەنبەرین کلاو
٣٠٨ کە زانی کچە، کوڕنییە ئەمجا // زۆراب سەرسام بوو زۆر موتەحەییر ما
٣٠٩ سەمەنبۆ یەکجار خەجالەتبار بوو // بە مەکر و حیلە هاتە قسە زوو
٣١٠ وتی پالەوان بۆ تۆ عەیبە و عار // ناوت بەد دەبێ لە ڕووی ڕۆزگار
٣١١ دەلێن پالەوان شای ئەفراسیاب // هیچ نەبوو باکی له واتە و عیتاب
٣١٢ لەگەل کچێکدا کردی جەنگ و شەڕ // دنیا پڕ دەبێ له باس و خەبەر
٣١٣ خەجالەت دەبی لەلای هاوسەران // دەبی بە عیبرەت تا ئاخر زەمان
٣١٤ هەجیر له لاتە زنجیر له گەردرن // منیش کەنیزەم بۆ تۆ تا مردن
٣١٥ تکایە ساتێ پێم بدە دەستوور // کارێکم هەیە له قەلا زەروور
٣١٦ هەموو گەنج و مال خەزێنەم تەمام // بۆ تۆی دەهێنم بێ سەبر و ئارام
٣١٧ زۆراب ئەمەی بیست گەلێ بوو خۆشحال // پەسەند بوو قسەی شۆخی سەوسەنخال
٣١٨ کردییەوە کەمەند دەر حال بێ پەروا // کچ نەجاتی بوو گەڕایەوە دوا
٣٠٩ له دەستی زۆراب کە نەجاتی بوو // چوو بۆ لای خوێش و لەسەر کاری زوو
٣٢٠ دابەزی له ئەسب بالا شۆخوشەنگ // چوو بۆ ناو قەلای سەختی سپی سەنگ
٣٢١ کێشا نەعرەی بەرز سۆلی سیم ئەندام // وتی بە زۆراب بێ عەقل و نەفام
٣٢٢ هەلسە زوو بڕۆ ئەی خاکت بەسەر // بۆچ خۆت دەخەیتە ناو دەریای خەتەر
٣٢٣ خەبەر دەنێرم بۆ کەیکاووس شا // وەکوو گەلای دار بنێرێ سوپا
٣٢٤ ڕۆستەم له نەوەی دەستانی سامە // ئەگەر بێت بۆ شەڕ عومرت تەمامە

٣٢٥ زۆراب ئەمەی بیست سیاه بوو لە قار // جوابی دایەوە وتی جادووکار
٣٢٦ نەمزانی کە تۆ بە مەکر و ئەفسوون // خۆت نەجات دەدەی بە بێ چەند و چوون
٣٢٧ ئێستا درەنگە وا وەختی شامە // لای موسڵمانان کوشتن حەرامە
٣٢٨ بە عەون و تەوفیق جیهان ئافەرین // سبەینێ بە زۆر بازووی سەهمگین
٣٢٩ قەڵای سەنگین و دەروازە و حەسار // بەگورزی گران دەکەم یەختەسار
٣٣٠ ئەوسا دەبینی مەعرەکەی شێران // مەعلوومت دەبێ جەنگی دلێران
٣٣١ هەڵسا چوو بۆ لای باوکی، سەمەنبۆ // سەرتاپا بۆی کرد قسە و گفتوگۆ
٣٣٢ باوکی وتی پێی ڕۆڵە ئافەرین // ناموست نەچوو لە مەیدانی قین
٣٣٣ وتی ئەی بابە سامی نەریمان // ناتوانێ لەگەڵ ئەو بێتە مەیدان
٣٣٤ لە شەڕ و حەربا وەکوو ڕۆستەمە // لەسەر ڕووی دنیا مانەندی کەمە
٣٣٥ هەجیر گیراوە عیلاجمان نییە // غەیری ڕاکردن چارەمان چییە؟
٣٣٦ سەرداری گەورە یەکجار بەسامە // یا نەوەی سامە یانا خۆی سامە
٣٣٧ بە بازوو و قووەت بە سینە چاکە // زۆر هونەرمەندە جەبینی پاکە
٣٣٨ ڕەفیقی نییە لەسەر ڕووی جیهان // دەیەوێ بگرێ پادشای ئێران
٣٣٩ بەبێ شەڕ هەجیر وا بوو بە ئەسیر // خستییە ناو داو و ناو بەند و زنجیر
٣٤٠ من زوڵفم خستە ناو خودە و کڵاو // چوومە مەیدانی بە تەعجیل و تاو
٣٤١ شەست و دوو تیرم من دا لە گیانی // کونی کرد هەموو گۆشت و ئێسقانی
٣٤٢ بە حەلقەی کەمەند گرتمی ئەوسا // کڵاوخودەم کەوت زوڵفم دیاریدا
٣٤٣ من بە هەزار حیلە بووم ڕستگار // کە زانی ژنم نەهاتە گوفتار

## باسی کاغەزنووسین بۆ کەیکاووس شاهـ

٣٤٤ باوکی سەمەنبۆ گەلێ بوو سەرسام // بانگی کرد وەزیر خاوەن هۆش و فام
٣٤٥ کاغەزی نووسی بەناوی خودا // پاش عەرزی حورمەت بۆ کەیکاووس شاهـ
٣٤٦ وتی کەیکاووس پادشای ئێران // سالاری سەرحەد جەنگی دلێران
٣٤٧ هومێدم بە زات جیهان ئافەرین // بمێنی دڵخۆش لەسەر ڕووی زەمین
٣٤٨ تا ئاخر زەمان لەسەر تەختی زەڕ // حوکمت ڕەوا بێ دنیا سەرانسەر
٣٤٩ مەعلووم بێ لە لات شای عالی تەبار // وا ئەفراسیاب فیتنەی ڕۆژگار
٣٥٠ سوپای عەزیمی هێناوە بۆ جەنگ // دنیا لە ئێمە دەکا تار و تەنگ
٣٥١ لە خێمە و چادر ئاوریشم تەناف // سەحرا و سەرزەمین بوو بە زیوی ساف
٣٥٢ جوانێ کە عەمری چواردە سالانە // سالار و سەرکێش کەمەرلالانە

٣٥٣ وەختێ هەڵ دەگرێ تیغی هیندیکار // نەهەنگ لە دەریا دەبێ بێقەرار
٣٥٤ هاتووە لە توران بۆ شەهریاری // زۆر غولامانی کردووە حەساری
٣٥٥ هەجیری کردووە لە مەیدان ئەسیر // دەستی بەستووە بە ڕەوق و زنجیر
٣٥٦ کەسێ نەماوە لە سواری شەڕکەر // بچێتە مەیدان بۆ عەرسەی خەتەر
٣٥٧ ئیتر ئیختیار بەدەستی شایە // نەجاتمان بدە زوو لەم بەڵایە
٣٥٨ عەرزەی زەلیلی وەختێ تەواوکرد // دای بە قاسیدێ وتی دەستوبرد
٣٥٩ وتی تۆ بیبە زوو بە تەکودەو // هیچ ڕامەوەستە بە ڕۆژ و بە شەو
٣٦٠ هەرچی گەنج و ماڵ لە قەڵادابوو // باریان کرد بە شەو فیراریان کرد زوو
٣٦١ بەیانی کاتێ خورشیدی خاوەر // لە بورجی مەشریق سەری هاتەدەر
٣٦٢ زۆراب خەبەر بوو لە خەوی شیرین // لە داغی کچە دڵ پڕ قار و قین
٣٦٣ کردی بە بەردا ئەسلەحەی ڕۆی جەنگ // سواری ئەسپ بوو خێرا بێ درەنگ
٣٦٤ لەشکری تورکان هاتن بۆ نەبەرد // زەمین تاریک بوو هەوا لاجیوەرد
٣٦٥ ئەسپی یەلغاردا زۆرابی ناودار // شکاندی بە گورز دەروازەی حەسار
٣٦٦ لە شوێن سەمەنبۆ، گەڕا سەر تا خوار // نەی دی نیشانی دوختەری نازدار
٣٦٧ بار و بارخانەی بردە ناو قەڵا // لەوێ مایەوە زۆرابی واڵا
٣٦٨ لەولاوە قاسید وەکوو بای شەماڵ // گەییە پایتەختی شاهی کەمەرلاڵ
٣٦٩ سەرلەبەیای چوو بۆ بارەگا // نامەکەی دایە دەس کەیکاووس شا
٣٧٠ هەموو ئەحواڵی خۆیان سەرانسەر // عەرزی کرد لەلای شاهی تاجوەر
٣٧١ وەختێ خوێندییەوە نامەی دلێران // زۆر ڕقی هەڵسا پادشای ئێران
٣٧٢ بۆ بیژەن و گیو، گورگین، میلاد // ڕەهام و بەهرام، گودەرز و گوشواد
٣٧٣ تووس و فەرەیدون شازادەی کەیان // شیدوش و فەرهاد نەوەی کاویان
٣٧٤ باسی کرد قسەی زۆراب سەرتاپا // پاڵەوانەکان زۆر سەریان سووڕما
٣٧٥ هەموو سەرسام بوون لەو قسە و باسە // خاتر پەرێشان بەبێ هەناسە
٣٧٦ شاهـ وتی کامتان پڕ زۆر و سامن؟ // کێتان هونەرمەند بەرزەمەقامن؟
٣٧٧ سبەینێ ببەن لەشکر و سوپا // وەکوو شێر بڕۆن بۆ شەڕ و دەعوا
٣٧٨ وەختێ کە دەرکەوت شوعلەی ئافتاب // زوو بڕۆن لەگەڵ سوپای بێ حساب
٣٧٩ لەشکری تورکان بکەن قەتلوعام // ببن بە واتە تا یەومولقیام
٣٨٠ لە پاڵەوانان بارەگاهی شاهـ // کەس نەبوو بڵێ من دەبەم سوپاهـ
٣٨١ هەموو بێدەنگ سەریان خستە خوار // لەپاش موددەتێ هاتنە گوفتار
٣٨٢ وتیان پادشاهـ ئازایەکی وا // کە دایم شمشێر لە ڕووی هەور دەدا
٣٨٣ هەجیری کەوا کردووە ئەسیر // بە یەزدانی پاک خودای بێ نەزیر

٣٨٤ مەگەر هەر ڕۆستەم لە زابل زەمین // بچێ بۆ جەنگی لە مەیدانی قین
٣٨٥ بە غەیری ئەمە نییەتی چارە // پاڵەوانێکی یەکجار زۆردارە

## باسی کاغەزنووسینی کەیکاووس شاها بۆ ڕۆستەم تاجبەخش

٣٨٦ شاها فەرمووی، وەزیر حازربوو لەلای // سوجدەی زەمینی برد بۆ خاکی پای
٣٨٧ وتی بنووسە نامەی خۆشتەقدیر // بۆ لای تاجبەخش، شێری بێ نەزیر
٣٨٨ قەڵەمی هەڵگرت وەزیری دانا // ئەووەڵ بەناوی خودای بێ هاوتا
٣٨٩ مەعلووم بێ ڕۆستەم پاڵەوانی جەنگ // کوشندەی دێوان ئەولادی ئەرژەنگ
٣٩٠ ئێران و توران تا وڵاتی چین // ناوت مەشهووره لەسەر ڕووی زەمین
٣٩١ شێرانی بێشە پڵنگانی کۆ // بە زەربەی تیغت بوونە ڕەنجەڕۆ
٣٩٢ تاج و تۆمارم، تۆی هەموو کەسم // ڕۆژی تەنگانە هەر تۆی دادڕەسم
٣٩٣ قاتلی دێوان تاجبەخشی شاهان // فەریادڕەسی عام حیشمەت پەناهان
٣٩٤ کە نامەم گەیشت زینهار سەد زینهار // هەڵ بگرە سیلاح زوو بۆ کارزار
٣٩٥ سواری ڕەخش بە، نەوەی زاڵی سام // هیچ مەگرە ئارام حازر بە لەلام
٣٩٦ ئەوا لەلایەن شای ئەفراسیاب // هاتووە سوپای بێ حەدد و حیساب
٣٩٧ لە عەرسەی مەیدان مەعرەکەی نەبەرد // کێو بە گورز دەکا بە تۆز و بە گەرد
٣٩٨ هەرچی پەهلەوان سەر حەد نشینین // یەکایەک هەموو زۆر دڵغەمگینن
٣٩٩ شاها کاغەزی دا بە گیوی سالار // بە بێ مودارا دەر حاڵ و سوار
٤٠٠ (دە)ڕۆژ و (دە)شەو بە وەخت و بێ وەخت // بەڕێدا ڕویشت بە تالوکە و جەخت
٤٠١ وەختێ بەیانی ڕۆژی یازدەمین // ئەمجا گەیشتە لای زابل زەمین
٤٠٢ ئێشکچییەکان لە باڵای حەسار // سەیریان کرد لە ڕێ پەیدابوو یەک سوار
٤٠٣ چوون بۆ لای ڕۆستەم بێ سەبر و ئارام // عەرزیان کرد کە ئەی نەوەی زاڵی سام
٤٠٤ سوارێک بەڕێوە و دێت بەبێ درەنگ // زەمین لە ژێر پێی ئەسپی، بووە تەنگ
٤٠٥ بەڵام نازانین ئەو سوارە کێیە // لە ئێران هاتووە خەبەری پێیە
٤٠٦ ڕۆستەم کە بیستی، هەڵسا سوار بوو // لە دەرگای حەسار هاتە دەرێ زوو
٤٠٧ کە دی کلاوخودی زێڕی لە سەرە // تێگەیشت گیوی خاوەن ئەفسەرە
٤٠٨ هات بە پیرییەوە زۆر بەئیحتیرام // یەکتریان ماچکرد بەخۆشیی و سەلام
٤٠٩ دەستی گیوی گرت ڕۆستەمی دەستان // بە شەوق و خوشی ڕویشتنە دیوان
٤١٠ وتی پێم بڵێ چۆنە پادشا؟ // پاڵەوانەکان دڵخۆشن ئایا؟
٤١١ گیو وتی قوربان گشت پاڵەوانان // حورمەتیان هەیە لای شاهی ئێران

٤١٢ بەڵام پادشا زۆر بێ دەماغە // حەسار گیراوە هەجیر دوستاغە
٤١٣ منیان ناردووە بەتالوکە و دەو // زینهار تەهمتەن بێ خۆراک و خەو
٤١٤ سەردارێک هاتووە زۆر سامناکە // ناوی زۆرابە گەلێ بێباکە
٤١٥ شەست و دوو هەزار سواری هێناوە // پاڵەوانێکی ئازا و تەواوە
٤١٦ ڕۆستەم وتی من دنیا سەرانسەر // نەمدیووە کەسێ لە خۆم ئازاتر
٤١٧ بەڵام لە کچی پادشای سەمەندگان // کوڕێکی داوە خوداوەند پێمان
٤١٨ دەترسم ئەو بێ هێندە ئازایە // هەجیری گرتووە ئەلحەق بەڵایە
٤١٩ ئەگەر زۆراب بێ بازی کردووە // هەجیری لە ڕووی ئاشتی بردووە
٤٢٠ بەڵام هێشتا ئەو یەکجار منداڵە // عومری نیهایەت چواردە ساڵە
٤٢١ لە پاشان ئەمجا گیوی ناودار // دایە دەست ڕۆستەم نامەی شەهریار
٤٢٢ ڕۆستەم کە وەختێ سەیری نامەی کرد // سەعاتێ مات بوو خۆفی بە دڵ برد
٤٢٣ وتی بەعەونی خالقی بێ چوون // بە زەربی شمشێر دەیکەم سەرنگوون
٤٢٤ بە ڕوشتەی کەمەند من دەیکەم قەستی // لەباتی هەجیر دەبەستم دەستی
٤٢٥ کە داوای تەختی کەیکاووس دەکا // چاوی لە مەرگە دەیکوژم بەخوا
٤٢٦ ئەمشەو جامی مەی با تێر بنۆشین // سبەینێ بەرگی غەزەب بپۆشین
٤٢٧ (سێ)ڕۆژ و (سێ)شەو بەزمی بادە بوو // مەجلیس فەرەحبەخش ساقی سادە بوو
٤٢٨ لە مەستی شەراب سەرسامبوون سەرجەم // عاقیبەتی کار ڕۆژی چواردەیەم
٤٢٩ گیو وتی ڕۆستەم نەوەی زاڵی سام // ئەمە (سێ)ڕۆژە کە من تەعتیل مام
٤٣٠ یا ڕوخسەتم دە یا بڕۆین ئێستا // نەوەک پادشا قەسدی سەرم کا
٤٣١ کەیکاووس بۆ جەنگ دڵی بەتابە // مەعلووم بێ لە تۆ، حاڵی خەراپە
٤٣٢ دەترسم وەختێ مەستی شراب بێ // لەگەڵمان قسەی زۆر ناسەواب بێ
٤٣٣ جوابی دایەوە جیهانپاڵەوان // وتی لە ترسم دەلەرزێ شێران
٤٣٤ کەیکاووس لای من وەک مشتێ خاکە // چە پەروام لە شای پڕ سام و باکە
٤٣٥ وتی زەڕ عەلی ئازای کەمەر زەڕ // زین بکە ڕەخشی پەرەندەی بێ پەڕ
٤٣٦ سواری ڕەخش بوو جیهانپاڵەوان // بەیەلغار ڕویشت هەتاکوو ئێران
٤٣٧ گودەرز و بەهرام، فەرهاد و قوباد // زەنگەی شاوران گورگینی میلاد
٤٣٨ سوارانی جەنگ هەزاران هەزار // چوون بۆ پێشوازی ڕۆستەمی سەردار
٤٣٩ ڕۆستەم دابەزی لە ڕەخشی پەروان // بەقەدر و حورمەت بردیانە دیوان
٤٤٠ سەلامی کرد و وەستا بەپاوە // کەیکاووس ئەسڵەن جوابی نەداوە
٤٤١ ڕقی هەڵسابوو کەیکاووس بەقار // ڕووی کردە ڕۆستەم وتی هەرزەکار
٤٤٢ هیچ باکت نییە خۆ من پادشام // لە پێش چاوی تۆ من وەکوو گەدام

٤٤٣ گیوم نادە لات وتم سەد زینهار // هەجیر یەخسیرە بووە یەختەسار
٤٤٤ تۆ خەریکی کەیف زەمەزەمەی سازی // لە حوکمی شاهان زۆر بێ نیازی
٤٤٥ ئەگەر من ئێستا شمشێر دەبوو پێم // ئەوسا بە تەحقیق دەتزانی من کێم
٤٤٦ بە یەزدانی پاک وەها دەمدا لێت // سەرت وەک ترنج دەکەوتە بەر پێت
٤٤٧ شاه وتی بە گیو بۆم بگرە ڕۆستەم // چونکە بێ گوێیە دەرچوو لە قسەم
٤٤٨ گیوی ناودار زۆر خەجاڵەت ما // سەری شۆڕ کرد و نەیکرد قسەی شا
٤٤٩ زۆر ڕقی هەڵسا شاهی کەیکاووس // بە توندوتیژی جا خوڕی لە تووس
٤٥٠ وتی هەڵسە زوو، ڕۆستەمی بەدکار // بگرە بۆم بێنە بیدە تۆ لە دار
٤٥١ دارکاری بکە بیخەرە زیندان // با ئیتر نەکات بێ ئەمری شاهان
٤٥٢ هەتا دەتوانی ئەزیەتی بدە // سەرکێشی نەکا ئیتر ئەو بەدە
٤٥٣ جا تووسی نەوزەر لەجێی خۆی هەڵسا // ڕووی کردە ڕۆستەم بەفرمانی شا
٤٥٤ دەستی ڕۆستەمی گرت بیبات بەقار // فیلەتەن خوڕی وەک هەوری بەهار
٤٥٥ وتی هەر فەلەک دەتوانێ بەقار // ڕۆستەمی دەستان بکێشێ بە دار
٤٥٦ تۆ کارێ مەک بەگورزی گران // پەرێشان بکەم ئێران و توران
٤٥٧ مەڵێ من شاهم خاوەن تەخت و تاج // بە منەوە سکەت هەیەتی ڕەواج
٤٥٨ گەر نەبێ لەبەر تانەی ڕۆژگار // هەر ئێستا من تۆ دەکێشم لە دار
٤٥٩ چەند دێو و چەند شێر چەند جادووی بەدکار // من بۆ تۆ هەموو کردم نگوون سار
٤٦٠ بۆ تۆ من گرتم چەند شار و وڵات // سەری چەند شاهم خستە ژێری پات
٤٦١ لە ڕێگای حەوتخوان من چەند جەفام برد // کوێر ببێ چاوت نازانی چیم کرد
٤٦٢ خۆم و ئەولادم فەرمانبەردار بووین // ئێستا خەڵاتمان فەلاقە و دار بووین
٤٦٣ خەبەر بزانن شاهان و خونکار // کەیکاووس ڕۆستەم دەداتە بەر دار
٤٦٤ مردن باشترە لە تانەی بەدکار // ئێران و توران دەبن ئاگادار
٤٦٥ لە دەستم نایەت کوشتنی شاهان // ئەگینا لەگەڵ خاک دەتکەم یەکسان
٤٦٦ نامەردم ئەگەر ئیتر بتبینم // چارەی خۆت بکە شاهی پێشینم
٤٦٧ تۆ تاجی منە کردووتە بە سەر // ئێران و توران دنیا سەرانسەر
٤٦٨ قودرەتی نییە کەس بکا ئینکار // هەرکەس ئینکار کا دەبێ شەرمەسار
٤٦٩ ڕۆستەم ئەمەی وت بەقار و بەقین // سوار بوو ڕووی کردە ڕێی زابل زەمین
٤٧٠ وەختێ ئەو ڕۆیی گیوی نامدار // هەڵسایە سەر پێ وتی شەهریار
٤٧١ لەگەڵ ڕۆستەمی گەورە و حورمەتدار // قسەی وا مەکە ببێ دڵئازار
٤٧٢ بۆچی ڕۆستەمت وا کرد دڵتەنگ // شوشەی بەختی خۆت مەشکێنە بە سەنگ
٤٧٣ گودەرز ئەمەی بیست ئەویش لە پاشا // هەڵسا ڕاوەستا لەبەر تەختی شا

٤٧٤ وتی ئەی شاهم تۆ هەتە خەبەر // ڕۆستەمی دەستان شێری پڕ هونەر

٤٧٥ چەند بۆ تۆ کێشای جەفای ڕۆژگار // چەند دێو و جادووی بۆت کرد لەت و پار

٤٧٦ چەد جار لە جەنگی شای ئەفراسیاب // بە خوێن تورانی پڕکرد لە سیلاب

٤٧٧ ئێستە لەلای تۆ خۆ خەتاکارە // بە قسەی تۆ بێ خەڵاتی دارە

٤٧٨ کاتێ ئەمەی بیست پادشای ئێران // ناردی بە شوێنیا زوو بوو پەشیمان

٤٧٩ وتی کە ڕۆستەم نەوەی نەریمان // نووری دیدەمە وا بووم پەشیمان

٤٨٠ گودەرز و بەهرام، فەرهاد و قوباد // شیدوش و شاپوور، گورگینی میلاد

٤٨١ تووس و فەرەیدون لەگەڵ گەستەهەم // ڕەوانەی کردن بە شوێنیا دەردەم

٤٨٢ گەیشتنە ڕۆستەم بە سەد ئیحترام // ڕاوەستان هەموو لێیانکرد سەلام

٤٨٣ عەرزیان کرد کە ئەی جیهانپاڵەوان // بۆچی عاجزبووی لە شاهی ئێران

٤٨٤ سالاری گەورە و گرانی خۆ تۆ // مایەیی ژینی هەمووانی خۆ تۆ

٤٨٥ پاڵەوانەکان بێ تۆ دڵتەنگن // هەموو عاجز و مات و بێ دەنگن

٤٨٦ تۆی خاوەن تەخت و تاج و تەپڵ و کووس // گوێ مەدە قسەی پوچی کەیکاووس

٤٨٧ پادشاهە بێهۆش مەستی شەراب بوو // عاجزی کردی زۆر ناسەواب بوو

٤٨٨ بە گودەرزی وت نەوەی پوری سام // فەرمووی بەسی بێ قسەی ناتەمام

٤٨٩ شەرتم کردووە بەدڵێکی ساف // هەتاکوو ماوم بێ دەرد و خیلاف

٤٩٠ تاکوو من زیندووم لەسەر ڕۆژگار // نابێ ببینم چارەی شەهریار

٤٩١ من هەمە ڕەخش و گورزی گاوسەر // بۆچی بترسم لە شای تاجوەر؟

٤٩٢ دووبارە گودەرز هاتەوە گوفتار // وتی ئەی شێری عەرسەی کارزار

٤٩٣ فەرموودەکەی تۆ ڕاست و ڕەوانە // بەڵام من عەرزم هەیە بزانە

٤٩٤ لێت دەدەن خەڵقی تەعنەی بێ حساب // دەڵێن کە ڕۆستەم ترسا لە زۆراب

٤٩٥ ڕۆستەم ئەمەی بیست ساکن بوو لە قین // ترسا لە تەعنەی ئەهلی سەرزەمین

٤٩٦ بە قسەی گودەرز گەڕایەوە دوا // هاتەوە بۆ شار بۆ لای پادشا

٤٩٧ کەیکاووس هەڵسا زوو پێشوازی کرد // لەسەر تەختی زێڕ داینا دەستوبرد

٤٩٨ وتی پاڵەوان بۆچی دڵڕێشی؟ // لازمە کە تۆ نازم بکێشی

٤٩٩ تۆ گەورەییت کرد منت کرد بە شا // پێویستە دایم بکەی مودارا

٥٠٠ زۆر پەشیمان و خاتر غەمگینم // پەڕیوە ڕەنگی ئاڵ لە جەبینم

٥٠١ جوابی دایەوە ڕۆستەمی سەردار // وتی بمبەخشە منم گوناهکار

٥٠٢ هەتاکوو زیندوی ڕووی سەر بیساتم // بەندە و غولام و خاکی ژێرپاتم

٥٠٣ منیش یەکێکم لە گەردنکەچان // ببەخشە خەتای غولامی خۆتان

٥٠٤ تەوفیقم بدات گەر خودای جەببار // دوژمنەکانت من دەدەم لە دار

٥٠٥ ئەوەی داوای تەخت کەیکاووس دەکا // بە غەیری مردن ئیتر چارەی کوا؟
٥٠٦ شاها وتی ئەمشەو تۆ مەی بنۆشە // سبەینێ بەرگی غەزەب بپۆشە
٥٠٧ لەگەڵ خۆت بەرە سوپای بێ شومار // دنیا لە زۆراب بکە تەنگ و تار
٥٠٨ شەوێ نۆشیانکرد شەرابی گوڵڕەنگ // بە دەنگی ساز و بە ئاوازی چەنگ

## باسی ناردنی لەشکر بۆ شەڕ لەگەڵ زۆراب

٥٠٩ سبەینێ کاتێ دەرکەوت شوعلەی خۆر // پادشا وتی بە تووسی نەوزەر
٥١٠ لە سوارچاکەکان سەد هەزار سوار // سان بدە لەبەر سەرای شەهریار
٥١١ گودەرز بەیداخی شەڕی بەرپا کرد // سەف سەف سوارانی جەنگی جیا کرد
٥١٢ دەرگای خەزێنەی کردەوە گەنجوور // بەخشی بە عەسکەر ماڵ و پارەی زۆر
٥١٣ سوارانی جەنگی وەک شای فەرەیدون // کردیانە بەریان لیباسی گوڵگوون
٥١٤ دایان لە تەپڵ و کەڕەنای جەنگ // لە تۆزا دنیا بوو بە شەوەزەنگ
٥١٥ ئەو ڕۆژە هەموو بەردی ڕووی سەحرا // ئەگەر حەوتجۆش بوو یا پۆڵا و خارا
٥١٦ لە زەڕبی سمی ئەسپ بوو بە گەرد // ئاسمان ڕەنگی بوو بە لاجیوەرد
٥١٧ (سێ)ڕۆژ و (سێ)شەو ڕۆیین بەیەلغار // هەتا گەیشتنە لای سپی حەسار
٥١٨ لە سەحرا خێمە و چادریان هەڵدا // ڕووی دەشت و سەحرای داپۆشی سوپا
٥١٩ لەولاوە هومان لە بالای حەسار // سەیری کرد کە دی پەیدابوو غوبار
٥٢٠ خێمەی ڕەنگاوڕەنگ بالی بەیداخان // دەلەریاوە وەک بەرەزای شاخان
٥٢١ چوو بۆ لای زۆراب سەراسیمە بوو // وتی پاڵەوان خێرا هەڵسە زوو
٥٢٢ لەشکرێکی زۆر هاتووە لە ئێران // سوپای کاووسە شای دەنگدلێران
٥٢٣ زۆر ترسم هەیە خاترم ڕێشە // دڵم لەم حاڵە پڕ لە ئەندێشە
٥٢٤ زۆراب وتی هیچ مەترسە هومان // هەر چەند کە زۆربێ لەشکری ئێران
٥٢٥ بە یەزدانی پاک خودای لامەکان // ترسم نییە من لە پاڵەوانان
٥٢٦ هیچ خۆفی نەبوو زۆرابی سالار // هەڵسا ڕۆیشتە سەربانی حەسار
٥٢٧ چاوێکی گێڕا لە سوپای ئێران // لە خێمەی ڕەنگاوڕەنگی دلێران
٥٢٨ سەرتاپا دەشت و دەری پۆشابوو // لە نەعرەتەی ئەسپ زەمین جۆشابوو
٥٢٩ بەیداخان سەریان گەیاندبووە ئەوج // لەشکر لە سەحرا وەک بەحر ئەیدا مەوج
٥٣٠ پڵنگ لە ترس و خۆفا مردبوو // شێران لە ترسا ڕایان کردبوو
٥٣١ زۆراب ئەمری کرد هەجیریان هێنا // سوجدەی زەمینی برد و ڕاوەستا
٥٣٢ یەک یەک دەست و پێی لە کەمەندابوو // گەردنی لە تەوق پا لە هەنگدابوو

٥٣٣ زۆراب وتی ئەی هەجیری بەدحاڵ // ئەمرۆ من لە تۆ دەکەم چەند سوئاڵ
٥٣٤ لە ڕۆستەمم لە زاڵ لە شای کەیکاووس // لە گیو و گودەرز لە بەهرامی تووس
٥٣٥ لە توخمی گودەرز لە ئەولادی سام // هەرچی دەپرسم پێم بڵێ تەمام
٥٣٦ ئەگەر ڕاست بڵێیت ڕاستی دێتە ڕێت // گەر خیلاف بڵێی هەر زیندانە جێت
٥٣٧ دەتەوێ لە من نەبینی زەرەر // هەرچی دەپرسم ڕاست بدە خەبەر
٥٣٨ مەتڵەبێ هەیە لە تۆی دەروونم // لازمە ببی بە ڕێنموونم
٥٣٩ جوابی دایەوە هەجیری غەمبار // عەرزی کرد وتی ئەوەی نامدار
٥٤٠ هەرچی ئەمر دەکەی تەکمیل و تەواو // بەڕاستی عەرزت دەکەم بەسەر چاو

## باسی خەبەرپرسینی زۆراب لە هەجیر لە بابەت لەشکری ئێران

٥٤١ زۆراب وتی ئەو خێمەی زەڕبافە // دیرەگی کەوا لە زیوی سافە
٥٤٢ تیا ڕاخراوە فەرشی چینی کار // تیا ڕیزکراوە کورسی زەڕەنگار
٥٤٣ جوانێ دانیشتووە تیا بەتاجەوە // سەرمەست، بە بانی کورسی عاجەوە
٥٤٤ یەکجار بەسامە زور هەیبەتدارە // هەیئەتی گەلێ گەورە و سەردارە
٥٤٥ لە ڕاست و چەپی تاکوو لای عەلەم // سەف سەف پاڵەوان وەستاون سەرجەم
٥٤٦ پێم بڵێ کێیە ئەو تاجدارە؟ // کە ڕووی وەکوو مانگ جوان و تابدارە؟
٥٤٧ هەجیر وتی پێی کەیکاووس شایە // خاوەن حەشەم و ئالا و سوپایە
٥٤٨ زۆراب وتی ئەو خێمەی ئەتڵەس فام // تەناف خەیاتە ئەستوون زیوی خام
٥٤٩ ئەستوونی زیوە ئالای زەرد ڕەونەق // دەدرەوشێ هەروەک ئەستێرەی شەفەق
٥٥٠ سەری بەیداخی کەلەی ئەژدەها // کالای سەرتاپا مەتای بێ هاوتا
٥٥١ لەژێر بەیداخا دانیشتووە جوانێ // لەلای وەستاون چەند پاڵەوانێ
٥٥٢ کێیە وا خاوەن سوپا و لەشکرە؟ // وتی ئەو زاتە تووسی نەوزەرە
٥٥٣ پرسی ئەو خێمەی کە لاجیوەردە // دیرەگی هەموو زێڕی بێگەردە
٥٥٤ دەنگی تار و عوود سەدای ساز و چەنگ // دێت بەسۆزەوە لە خێمەی گوڵڕەنگ
٥٥٥ درەفشی کەیان بێگەرد نەهەنگدار // کالای قیمەتدار مەتای کەس نەدار
٥٥٦ خێوەتی کێیە وەها سامدارە؟ // وتی هیی گودەرز شێری شکارە
٥٥٧ هەشتا و هەشت کوڕی هەیە بە حساب // شێران لە ترسی جەرگیان بوو کەباب
٥٥٨ وتی ئەو خێمەی سووری گوڵناری // ئەستوون نوقرەبەند لاجیوەردکاری
٥٥٩ تەنافی ئاوریشم هەموو دانەبەند // پیا هەڵواسراوە چەند حەلقە کەمەند
٥٦٠ سەری بەیداخی بەوێنەی مارە // وا لە ئەترافی چەند هەزار سوارە

٥٦١ خێوەتی کێیە؟ وتی هیی گیوە // کوڕی گودەرزە هیچ کەس نەدیووە
٥٦٢ زاوای ڕۆستەمە پڕ زات و زۆرە // شێری مەیدانی ڕۆی شەڕ و شۆڕە
٥٦٣ ئەمجا پرسی ئەو خێمەی سپی ڕەنگ // لە لای وەستاون سواران بۆ جەنگ
٥٦٤ تەناف ئاوریشم ئەستوونی لە زیو // دەستکردی وەستای خاسی کەس نەدیو
٥٦٥ جوانێکی تیایە وەک غونچەی بەهار // گووێی گرتووە لە دەنگی دەف و عود و تار
٥٦٦ پەڕی تاوسی داوە لەسەر تاج // دانیشتووە لەسەر کورسی داری عاج
٥٦٧ کێیە پێم بڵێ شۆخ و نازدارە؟ // دیارە شازادەی عالی تەبارە
٥٦٨ وتی فەرەیدون زەڕین کولاهە // شێری مەیدانە فەرزەندی شاهە
٥٦٩ جا پرسی ئەو خێمە دێزڕەنگە // لە دەورەی قەتار ئەسپانی جەنگە
٥٧٠ بەیداخی هەیە وەک چناری بەرز // سەری بردووە بۆ فەلەک لە ئەرز
٥٧١ سەری بەیداخی وەک کەللەی شێرە // دیارە بەیداخی پیاوی دلێرە
٥٧٢ وتی هیی بەهرام نەوەی گودەرزە // سەدای گەورەیی لە دنیا بەرزە
٥٧٣ وتی ئەو خێمەی زەربافی غارا // دیارە لە نەوعی خێوەتی دارا
٥٧٤ کەناری زێڕین دەوری گوڵنارە // قیمەتی کاڵای هیچ کەس نەدارە
٥٧٥ بەیداخی لە دەوری خێمەی پەیدایە // سەری وا لەسەر ئەوجی ئەعلایە
٥٧٦ خێوەتی کێیە؟ وتی بزانە // هینیی بیژەنە شێری ژیانە
٥٧٧ کچەزای ڕۆستەم لە نەوەی شێرە // پاڵەوانێکی ئازا و دلێرە
٥٧٨ وتی ئەو خێمەی گەورەی نیلەنگی // عەلەمی لە تەرحی ئەژدیهای جەنگی
٥٧٩ مێخی سەرتاپا لە سیم و زەڕە // عەلەمی لەسەر چەرخی ئەفسەرە
٥٨٠ تەنافی ئاورێشم ساف و کەشیدە // نادرەی زەمان هیچ کەس نەدیدە
٥٨١ جوانێ بە بەرگ ڕووی مەیدانەوە // بەگورز و گۆپاڵ بێ سامانەوە
٥٨٢ تیا دانیشتووە وەکوو شێری مەست // غوڵامان لەلای دەست لە بانی دەست
٥٨٣ ڕەخشی لە بەردەم خێمەی دیارە // سەرزینی سوورمە و زینی تەیارە
٥٨٤ چەند حەڵقە کەمەند هەموو چەرمی خاو // وا بە زینەوە هەموو هەڵواسراو
٥٨٥ سیلاحی جەنگی زۆرە ئەو جوانە // خوفتانی لەپێست بەوری بەیانە
٥٨٦ ئەو مەرد و ڕەخشە حەڵقەی کەمەندە // لە ئێرانیاندا زۆر لام پەسەندە
٥٨٧ مەردێکی وایە مانەندی کەمە // ئەگەر عەقڵم بێ ئەوە ڕۆستەمە
٥٨٨ ئەو شەخسە کێیە تۆ پێم بڵێ ڕاست // نەوەک ڕۆستەم بێ بە ئاواتم خواست؟
٥٨٩ هەجیری گودەرز شومی بەدکردار // بە مەکر و حیلە جا هاتە گوفتار
٥٩٠ وتی بە زۆراب گەرە و ئەمیرم // ناوی ئەو شەخسە نییە لەبیرم
٥٩١ هێندە دەزانم مەردێکە ئازا // تازە هاتووە ئەو لە بوخارا

٥٩٢ لەگەڵ چەند هەزار جەنگی دلێران // هاتووە بۆ ئیمداد پادشای ئێران
٥٩٣ جوابی دایەوە زۆرابی دانا // وتی پێم بڵێ تو خوا ڕۆستەم کوا؟
٥٩٤ ڕۆستەم زۆر گەورە و عالی مەقامە // پێم بڵی خێمە و بارەگای کامە؟
٥٩٥ وتی ڕۆیشتووە بۆ باغی سەدتەرز // وا لە پایتەختی چنارانی بەرز
٥٩٦ گوێی گرتووە لە دەنگ نەغمەی گۆرانی // نەهات بۆ ئیمداد شاهی کەیانی
٥٩٧ جوابی دایەوە زۆرابی ئازا // وتی کەی وەعدەی سەیرانە ئێستا
٥٩٨ ڕۆستەم ئازایە وەکوو شێری نەڕ // چۆن پاش دەکەوێ لە جەنگ و لە شەڕ؟
٥٩٩ تۆ ڕاستت نەووت ئەمە جەزات بێ // شەرتە تا ماوی زیندان جێگات بێ
٦٠٠ هەجیر لە دڵدا دەیوت گەر ڕۆستەم // بەم پاڵەوانە من نیشان بدەم
٦٠١ لەوە دەترسم ئاخر سەرئەنجام // زەرەر ببێ بۆ نەوەی زاڵی سام
٦٠٢ وەها باشترە بۆی نەکەم عەیان // با من بکوژێ بێزارم لە گیان
٦٠٣ باوکم گودەرزە لە عالەم دیارە // هەشتا و هەشت کوڕی هەیە و ناودارە
٦٠٤ بەغەیری قەوم و خوێش و ئەقریبا // با من بکوژرێم خۆ هیچ کەم ناکا
٦٠٥ جا زۆراب وتی لە دڵی خۆیدا // ڕۆستەم دیار نییە هەرچەند حەوڵمدا
٦٠٦ وا سوپای دوژمن هاتووە بەقین // لەشکر ڕاکێشم لە زابل زەمین
٦٠٧ ئەم خەیاڵەی کرد زۆرابی دانا // جا بەڕقەوە هەڵسا و خرۆشا
٦٠٨ گرتی پشتێنەی مەردی هەرزەکار // حەوای دا لە بورج سەربانی حەسا
٦٠٩ لەولاوە ئەمجا لە سوپای ئێران // شاهی کەیکاووس بە دڵ و بە گیان
٦١٠ دەستی کرد بە بەزم کەیانی دەستوور // گوێیان لە دەنگ نەوا و سەبا و شۆر
٦١١ ڕۆستەمی دەستان هەڵسا ئازانە // وتی دەمەوێ ئەو پاڵەوانە
٦١٢ ببینم بە چاو بزانم ئایا // چۆنە وا دەڵێن ڕەشیدە و ئازا
٦١٣ دەچم دەبینم من ئەو سالارە // بزانم کێیە ئاخۆ چەکارە
٦١٤ لیباسی شەوی خێرا کردە بەر // هەڵسا ئازانە وەکوو شێری نەڕ
٦١٥ شەوڕەنگی پۆشی بە وێنەی دزان // ڕووی کردە سەحرا و چۆڵ و بیابان
٦١٦ ڕۆیشت گەیشتە هەیوانی سەرا // بەماتەماتە ئەمجا ڕاوەستا
٦١٧ سەیری کرد بەزمی تورکان بەتابە // زۆراب خەریکی نۆشی شەرابە
٦١٨ لای دەستی ڕاستی زۆراب هومان بوو // لەلای چەپییەوە جای دلێران بوو
٦١٩ سەد پاڵەوانان لە شەراب سەرمەست // لای ڕاوەستابوون دەست لەبانی دەست
٦٢٠ ڕۆستەمی دەستان متەحەییرما // لە دڵی خۆیدا وتی بەخودا
٦٢١ بەشان و باهوو وەک سامە و ڕۆستەم // خەنجەر دەکێشی لە چەرخی حەوتەم
٦٢٢ بە باڵا عەینی سامە و نەریمان // هەر وەکوو زاڵە پوری کەریمان

٦٢٣ وەختێ کە ڕۆستەم لە مڵکی توران // لەشکری هەڵگرت بچێ بۆ ئێران

٦٢٤ دایکی زیندەڕەزمی لەگەڵیا هەنارد // زۆر نەسیحەتی کرد و پێی سپارد

٦٢٥ وتی دەخیلم کە چوویتە ئێران // دەبینی ئەوسا جەنگی دلێران

٦٢٦ یەقین کەیکاووس شای ئێران زەمین // لەگەڵ خۆی دێنێ سوپای سەهەمگین

٦٢٧ ئەو ڕۆژە جەنگی دلێران دەبێ // هەیاهەی پڵنگ هەم شێران ئەبێ

٦٢٨ کاتێ کە ڕۆستەم دەبینی بە چەم // زوو بچۆ بۆ لای تۆ بەخاترجەم

٦٢٩ سوجدەی بۆ ببە ڕوو بسوو لە خاک // بڵێ کوڕی تۆم ئەی شێری بێباک

٦٣٠ ڕۆستەم ئەو شەوە بە دڵی بێ تاب // وەختێ کە ڕۆیشت ببینێ زۆراب

٦٣١ لە ناکاو زۆراب هەڵسا لەناو بەزم // بۆ ئەوەی بچێت بۆ شەڕ و بۆ ڕەزم

٦٣٢ لە بادە و شەراب نابی بۆ عەنبەر // مەست بوو لە دەرگا کە ڕۆیشتە دەر

٦٣٣ سەیری کرد یەکێ لە دوشمنانی // خۆی مات کردووە وا بەپەنهانی

٦٣٤ زۆراب بەتوندی کەلێی کرد سوئال // وتی چە کارەی تۆ چیتە خەیاڵ؟

٦٣٥ جوابی نەداوە نەهاتە گوفتار // ئەمجا زیندەڕەزم ڕووی تێکرد بەقار

٦٣٦ کەمەربەندی گرت بێ ترس و ئەندێش // ڕۆستەم جا بەقار بۆی ڕۆیشتە پێش

٦٣٧ مشتێکی لێ دا بەتوندی ڕۆستەم // شێری منداڵی هاتەوە ناو دەم

٦٣٨ مەغزی لەسەری بەجارێ پڕژا // کەوتە سەرزەمین وەکوو تۆو ڕژا

٦٣٩ جەستەی زیندەڕەزم غەڵتانی خاک بوو // ئاخری عومری هات، زوو ڕۆحی دەرچوو

٦٤٠ تەقدیری وا کرد خودای بانی سەر // زۆراب لە باوکی ببینێ زەرەر

٦٤١ هاتنە دەرەوە هومان و بەهرەمان // دییان زیندەڕەزم کەوتووە بێ گیان

٦٤٢ سەرسام بوون وتیان ئەمە چۆن کار بوو؟ // کێ بوو بەم نەوعە وا غیرەتدار بوو؟

٦٤٣ وتیان بە زۆراب کێ ئەم کارەی کرد؟ // تۆ سەلامەت بی زیندەڕەزم مرد

٦٤٤ تەماشایان کرد متەحەییر بوون // لاشە کەوتبوو غەرقی خاک و خوون

٦٤٥ وتیان با ئەمشەو تا وەختی سەحەر // ئێشکچی بن چەند مەردی دلاوەر

٦٤٦ سبەینێ بە ئیزنی خودای لامەکان // دەبێ بەر باد کەم لەشکری ئێران

٦٤٧ خولاسە ڕۆستەم گەڕایە دواوە // سەیری کرد کە گیو وا بە ڕێگاوە

٦٤٨ گیو پاڵەوانی پایتەختی شا بوو // بە شەو ئێشکچی ئێران سوپا بوو

٦٤٩ شمشێری کێشا گیو مانەندی شێر // چوو بەرەو پیری ڕۆستەمی دلێر

٦٥٠ ڕۆستەم تێگەیشت گیوی سەرکێشە // بە شەو پاسەوان دڵ بێ ئەندێشە

٦٥١ وتی ئای نەکەی نووری دیدەی من // سالاری گران بەرگوزیدەی من

٦٥٢ گیو وتی ڕۆستەم لە کوێ بووی توو خودا؟ // بە تەنهاسوارە لە دەشت و سەحرا

٦٥٣ وتی ڕۆیشتم بۆ سەیری زۆراب // بۆ دیتنی ئەو یەکجار بووم بێتاب

٦٥٤ هەرچەند بە بالآ تازەنەمامە // بە شان و شەوکت ئەولادی سامە

٦٥٥ حەیفە پاڵەوان (توران) وڵاتە // ڕۆحی نزیکی یەومولمەماتە

٦٥٦ شمشێر دەکێشێ بۆ چەرخی ئەخزەر // بەڵام بە دەستی من دەبێ بێسەر

٦٨٧ کە ئەم قسانەی بۆ گیو تەواو کرد // چوو بۆ خێمەی خۆی ڕاکشا دەستوبرد

٦٥٨ سەری نایەوە لەناو ڕەختی خواب // نەی نۆشی بە شاد پیاڵەی شەراب

## باسی شەڕی ئەوەڵ جاری ڕۆستەم

٦٥٩ بەیانی وەختێ خوێندی کەڵەشێر // لە فەلەک لاچوو پەردەی سیاقیر

٦٦٠ لەشکری خورشید دای پوشی سەر ئەرز // بەیداغی هەڵکرد لە کۆساری بەرز

٦٦١ هەڵسان خرۆشان لەشکر و سوپا // لێدرا دەهۆڵ تەپڵ و کەڕەنا

٦٦٢ لە جێگا هەڵسا زۆرابی جەنگی // کردی بە بەریا زرێی فەرەنگی

٦٦٣ سیلاحی جەنگی هەرچی بوو تەمام // ناوی خوای برد پۆشای بە ئەندام

٦٦٤ ئاوزەنگی لە ئەسپ جیهانپەیما دا // ڕووی کردە تیپی ئێرانی سوپا

٦٦٥ گەیشتە خێمەی شای کەیکاووس جا // پەنچا مێخی چەتری شاهی هەڵکێشا

٦٦٦ نۆبەتچییەکانی خێمەی شەهریار // لە ترسی زۆراب زوو کردیان فیرار

٦٦٧ نەعرەتەی کێشا وەک شێری شەرزە // دڵی دلێران گشت هاتە لەرزە

٦٦٨ وتی کەیکاووس ئەگەر تۆ شاهی // سەرداری هەموو ئێران سوپاهی

٦٦٩ بڵێ مەردێکت با بێتە مەیدان // بکەین نەبەرد و جەنگی دلێران

٦٧٠ بەحەقی خودای گەورە و کردگار // ئەمڕۆ لە مەیدان عەرسەی کارزار

٦٧١ لە خێمەی شاهی دەتهێنمە دەر // دەتخەمە سەر خاک سوپای پڕ خەتەر

٦٧٢ خێمە و بەیداغت سەرنگوون دەکەم // خۆت و لەشکرت توناوتوون دەکەم

٦٧٣ کەیکاووس ئەمەی کە بیست دەر زەمان // گیوی نارد بۆ لای ڕۆستەمی دەستان

٦٧٤ وتی وا زۆراب هاتووە بەقار // ئەکا قەسدی قەتل شاهی تاجدار

٦٧٥ ڕۆستەم بەگورجی سواری ڕەخش بوو // وەکوو فیلی مەست زوو بۆ مەیدان چوو

٦٧٦ واوەیلا و شیوەن فەریاد و زاری // هەڵسا لە لەشکر مەردانی کاری

٦٧٧ وتیان کوا ڕۆستەم؟ بۆچ نەهات ئێرە؟ // سوپا گیرۆدەی چەنگاڵی شێرە

٦٧٨ بە زۆرابی وت ڕۆستەمی دەستان // وتی بزانە ئەی شێری مەیدان

٦٧٩ کەوتویتە گێژی بەحری بێئامان // ئێستا لە دەستم چۆن دەردەکەی گیان

٦٨٠ مسکینی فەقیر دڵ پەراکەندە // گرفتار دەبی بە دەستی بەندە

٦٨١ زۆراب وتی پێی جیهان دیدەکار // پیری پشتکۆمی جەفای ڕۆزگار

٦٨٢ لای پیاوی عاقڵ دانا و هونەرمەند // بۆت لایەق نییە قسەی ناپەسەند

٦٨٣ ئەگەر تۆ دییاری منیش بای وادەم // زۆر هونەرمەند هونەرمەند زادەم
٦٨٤ بەڵام پیرەمێرد دێوانەی کەمفام // ئەمڕۆ بە کەمەند، ساختی چەرمی خام
٦٨٥ لە سەر ماڵی زین دەتهێنمە سەر خاک // سینەت بە تیغی هیندیم دەکەم چاک
٦٨٦ دوو مەردی پڕ زۆر دەر حاڵ و دەردەم // دەستیان کرد بە شەڕ زۆراب و ڕۆستەم
٦٨٧ ڕۆستەم وتی پێی تۆ نەوجەوانی // بۆچ دێیتە مەیدان مەردی ئێرانی
٦٨٨ دنیات نەدیوە هێشتا منداڵی // بێ خەبەر لە زەرب گورز و گۆپاڵی
٦٨٩ من دنیادیدەم نادرەی دەورم // شێری پڕ زاتم، نەهەنگم، بەورم
٦٩٠ ئەستێرەی ڕووی چەرخ ئاسمان کامە // نازانی زاتی شێران لە لامە
٦٩١ خودای بێ مانەند بۆ تۆ شوکرانە // تەقدیری تۆیە ئەم گشت کارانە
٦٩٢ مەعلوومە مار و موور و وەحش تەمام // دەناسێ ئەولادی خۆی بە عقڵ و بە فام
٦٩٣ کەچی یەکێکی وەک پوری دەستان // چلۆن نەیناسی کوڕی لە مەیدان
٦٩٤ بەو نەوعە بووبوون هەردوو هەراسان // یەکیان نەناسی بە ئەمری یەزدان
٦٩٥ دەستیان کرد بە شەڕ عاقیبەتی کار // هەڵیان گرت نێزەی تیژی زەهردار
٦٩٦ دایان لە یەکتر نێزە و گورز و تێغ // لە قەسدی یەکتر نەیانکرد درێغ
٦٩٧ بە نوکی ئەڵماس نێزەی خەتەرناک // حەلقەی زرێیان ڕژایە سەر خاک
٦٩٨ خوێن فوارەی بەست لە لەشیان وەک گوڵ // ئاخر بە نێزە کار نەبوو حاسڵ
٦٩٩ گاهێ بە گورز و گاهێ بە خەدەنگ // لە یەکتر دەشتی پانیان کرد بە تەنگ
٧٠٠ بە مانەندی کێو نەلەخشان لە شەڕ // نە ئەم عاجزبوو نە ئەو تەنگ خەتەر
٧٠١ ڕۆستەم لە داغا دڵی بوو بە خوێن // وتی ئەی خودای بێ مەکان و شوێن
٧٠٢ خۆ من قاتڵی بەبر و دێوان بووم // بەدەست ئەم تفڵە چۆن هەراسان بووم؟
٧٠٣ چەند جار شەڕمکرد من لەگەڵ دێوان // هەرگیز بەم نەوعە نەبووم پەرێشان
٧٠٤ فکری کردەوە بە دڵی پڕ دەرد // ئەسپی جەولاندا ڕێی چارەی نەبرد
٧٠٥ بەپەنجەی پڕ زۆر بازووی شێرشکار // گرتی پشتێنەی زۆرابی ناودار
٧٠٦ گەلێ زۆری کرد زۆراب نەلەخشا // لەناو ماڵی زین ئەسڵەن نەجوڵا
٧٠٧ نۆبەی زۆراب هات گورزی خستەکار // دای لە قەڵغانی ڕۆستەمی نامدار
٧٠٨ ڕەخشەکەی ئەژنۆی نایە سەر زەمین // پەنای برد بە زاتی ڕەبولعالەمین
٧٠٩ لە زۆری بازووی قەڵغانی بوو وورد // ڕۆستەمی دلێر هیچ ئۆفی نەکرد
٧١٠ زۆراب وتی تۆ ڕۆستەمی زاڵی // بۆیە لە زەربی گورزم ناناڵی
٧١١ لام وا دیارە کە تۆی فیلەتەن // ئەگەر ڕۆستەمی ڕاست بڵێ بە من
٧١٢ جوابی دایەوە وتی گەر ڕۆستەم // ببینی دنیا نابینی بە چەم
٧١٣ ڕۆستەم شێرێکە بێ مانەند و بۆ // چۆن فیزی دێنێ بێتە جەنگی تۆ

٧١٤ لەلای فیلەتەن من کەمترینم // لە کوێ لایەقی مەیدانی قینم

٧١٥ جا لە گورز و تیغ زوو بوون دەسبەردار // غەمگین بوون لە دەس جەفای ڕۆزگار

٧١٦ بەتەقدیری حەق جەهانئافەرین // لەسەر پشتی ئەسپ ئەمجا دابەزین

٧١٧ دەستیان پێکایە سەر حەلقەی کەمەند // بەربوونە زۆران بەبێ چوون و چەند

٧١٨ زۆراب بە تەوفیق حەیی لایەنام // گرتی کەمەربەند نەوەی زاڵی سام

٧١٩ خستییە سەر شانی بەقار و بەقین // سووڕیدا ڕۆستەم کەوتە سەر زەمین

٧٢٠ زۆراب وەکوو شێر بە دڵی بێ غەم // زوو ئەژنۆی نایە سەر سکی ڕۆستەم

٧٢١ دەستی دایە تیغ حەربەی میسری کار // کە سینەی ڕۆستەم بکا لەت و پار

٧٢٢ ڕۆستەمی دەستان وتی نەوجەوان // قسەیەک دەکەم مرووەتە ئامان

٧٢٣ وەهایە قانوون گشت پاڵەوانان // وەختێ لە مەیدان کە دەگرن زۆران

٧٢٤ هەرکەس ئەوەڵ جار بێدەسەڵات بوو // ئەی بەخشن، جاران عادەت وەها بوو

٧٢٥ بەو حیلە و مەکرە ڕۆستەمی دەستان // خۆی ڕزگار کرد زوو لە عەرسەی مەیدان

٧٢٦ هەردووکیان ماندوو گەڕانەوە دوا // چوونەوە خێمەسەرا و خەرگا

٧٢٧ دوو شێری پڕ زۆر دوو بەبری بەیان // چوونەوە جێگا و مەسکەنی خۆیان

٧٢٨ پرسی لە زۆراب هومان، لە مەیدان // بۆچی تۆ نەتکوشت دوژمنت دەر ئان؟

٧٢٩ وتی ئەی هومان یەقین ڕۆستەم بوو // سەد گورزم لێدا هێشتا لای کەم بوو

٧٣٠ زرێی پارچە بوو کەوتە سەر زەمین // زەڕڕە نەلەخشا پاڵەوانی کین

٧٣١ بە گورز و شمشێر بە حەلقەی کەمەند // عیلاجی نەکرا نەهاتە ژێر بەند

٧٣٢ ئاخری ئەمجا بەربوینە زۆران // خۆمان خستە دەست خالقی سوبحان

٧٣٣ بە ئیزنی خودای جیهانداری پاک // خستمە سەرشانم فڕێمدایە خاک

٧٣٤ کەچی بە مەکر و بە حیلەی بێجا // عاقیبەت لە دەست من خۆی نەجاتدا

٧٣٥ سینەم لەت نەکرد بە تیغی خەتەر // بەخشیم بە یەزدان خودای بانی سەر

٧٣٦ هومان وتی پێی زۆر خراپت کرد // لەبەر چی نەتکوشت خێرا دەستوبرد

٧٣٧ تۆ ئەوت نەکوشت هەر دەتکوژێ ئەو // دەبی بە واتەی خەڵق و ئەم و ئەو

٧٣٨ کەوتە داوی تۆ شێرێکی وەها // یەکجار نەفام بووی، نەتکوشت بە خوا

٧٣٩ تەوفیقت بدا خودای بێ نەزیر // ئەمجا بیکوژە هیچ مەکە تەقسیر

٧٤٠ ڕۆستەم کە لاشەی ساکن بوو لە دەرد // چوو بۆ ناو خێمەی خاسی لاجیوەرد

٧٤١ کەیکاووس وتی چلۆنی ڕۆستەم؟ // لام وایە دڵت کەیل بووە لە غەم

٧٤٢ خۆ منداڵێ بوو لە عەرسەی مەیدان // بۆچ دەستت نەبەست ڕۆستەمی دەستان؟

٧٤٣ ڕۆستەم عەرزی کرد ئەی شاهی دلێر // نەمزانی دێو بوو یاخۆ نەڕەشێر

٧٤٤ بەدەست ئەوەوە زەبوونە حاڵم // دەبات بۆ توران، گورز و گۆپاڵم

٧٤٥ چەند ساڵ و وەختە من پاڵەوانم // قاتڵی دێو و جادووگەرانم
٧٤٦ ڕێگەی حەوتخوانم بڕی بەتەنیا // نەترسام لە شێر و لە جادووی گومڕا
٧٤٧ ئێستا بە دەستی تفلێکی وەها // پەشێوەحاڵم، شاهی عالی جا
٧٤٨ گەر یارم نەبێ خودای دادگەر // نەجاتم نابێ لە عەرسەی خەتەر

## باسی شەڕی دووەمی ڕۆستەم لەگەڵ زۆراب

٧٤٩ بەیانی وەختێ خورشیدی خاوەر // لە بورجی فەلەک سەری هاتەدەر
٧٥٠ دایان لە کووس و تەپڵ و کەڕەنا // لەرزی سەرتاپا زەمین و سەما
٧٥١ لەلایەکەوە ئێرانی سوپا // لەژێر عەلەمدا سوپایان سان دا
٧٥٢ فیلەتەن وەختێ کە لە خەو هەڵسا // زرێ و ئەسلەحەی جەنگی لەخۆی دا
٧٥٣ گورز و قەڵغانی هەڵگرت وەکوو شێر // سواری ڕەخش بوو ئازانە دلێر
٧٥٤ جا ئاوزەنگی دا لە ڕەخشی تەیار // ڕۆیشتە مەیدان عەرسەی کارزار
٧٥٥ لەولاوە دیسان زۆراب بێ درەنگ // کردی بەبەریا ئەسلەحەی رووی جەنگ
٧٥٦ ڕۆستەم بانگی کرد وتی نەوجەوان // کەوتییە ناو گێژی بەحری بێ پایان
٧٥٧ زۆراب وتی جا خەستەی پەشێوحاڵ // من زۆر دەپرسم ئەمڕۆ لێت سوئال
٧٥٨ ئەگەر ڕۆستەمی پێم بڵێ ئێستا // تا لە مەیدانا نەبووی کەلەلا
٧٥٩ هیچ گوێی نەدایە قسەکەی ڕۆستەم // ڕاستی پێ نەوت چە زۆر و چە کەم
٧٦٠ وتی بە زۆراب بێ عەقڵی نەفام // بێ خەبەر لە حاڵ دنیای ناتەمام
٧٦١ ئێرە مەیدانی زۆران بازییە // نەجێگای مەکر و حیلەسازییە
٧٦٢ دوو مەردی دلێر ئەمجا دابەزین // وەکوو نەڕە شێر هاتنە سەر زەمین
٧٦٣ چەند دەفعە وتیان ئەڵڵاهو ئەکبەر // گرتیان کەمەر و پشتێنەی یەکتر
٧٦٤ دوو کێوی ئەلبورز پێچران جا بەهەم // وەکوو ئەژدیها یا ماری ئەرقەم
٧٦٥ ڕۆستەمی دەستان وەک شێری شکار // ناوی خودای برد بەقین و بەقار
٧٦٦ زۆرابی هەڵگرت دایە سەر زەمین // دەسی برد هەڵی کێشا تیغی کین
٧٦٧ هەر چەندە زۆراب وتی ئەلئەمان // دای بەسینەیدا خەنجەری بڕان
٧٦٨ نووکی خەنجەری تیژی پڕ خەتەر // لە دڵ و جەرگی سەری چووە دەر
٧٦٩ بالای وەک سەرووی سافی زەڕ ستوون // وەکوو گوڵاڵە ڕەنگین بوو بە خوون
٧٧٠ جا زۆراب وتی پیری دڵ لە سەنگ // منت گوشت بە تیغ ژاراوی فەرەنگ
٧٧١ زۆر خراپت کرد تۆ نیتە خەبەر // لە دەستی باوکم ڕۆح نابەیتە دەر
٧٧٢ ڕۆستەم وتی پێی کێیە باوکی تۆ؟ // لە توران زەمین تو خودا ڕاست بڕۆ

٧٧٣ وتی ڕۆستەمە شای کەمەرلاڵە // شێران لە خۆفی کەوتوونە ناڵە
٧٧٤ گەر ببی بە تەیر پەرندەی تەیار // بە حەلقەی کەمەند دەتهێنێتە خوار
٧٧٥ ڕۆستەم ئەمەی بیست شادی کرد بەتاڵ // سەرسام بوو لە سام نەوەی توخمی زاڵ
٧٧٦ وتی نیشانەت چییە لە ڕۆستەم؟ // ڕاستم پی بڵی بێ زیاد و بێ کەم
٧٧٧ وتی ها بگرە بازووبەندی لاڵ // هینی ڕۆستەمە نەوەی توخمی زاڵ
٧٧٨ دایکم لە توران بەستییە باڵم // بۆ تۆ بێت، خۆ من پەشێوەحاڵم
٧٧٩ ڕۆستەم سەیری کرد دانەی لاڵی بوو // یادگار بۆ کوڕی خەستەحاڵی بوو
٧٨٠ دەستی برد یەخەی زرێی چینی کار // دایدڕی تەواو لە سەر هەتا خوار
٧٨١ بەربووە هاوار بە ئاوازی بەرز // گیو هات زوو لەگەڵ بەهرام و گودەرز
٧٨٢ وتیان بە ڕۆستەم بۆچ دەکەی هاوار؟ // چیت لێ قەوماوە شێری کارزار؟
٧٨٣ ڕۆستەم وتی پێی مەپرسن حاڵم // پشتی خۆم شکاند وێرانە ماڵم
٧٨٤ بە ئاخری پیری لە عەرسەی نەبەرد // جەرگی فەرزەندی خۆمم پارچەکرد
٧٨٥ خەنجەری کێشا خۆی بکا بێ گیان // گودەرز دەستی گرت، گیو گوتی ئامان
٧٨٦ خەنجەریان لە دەست ڕۆستەم دەرهێنا // دەستیان کرد بە شین زاری و واوەیلا
٧٨٧ گیو وتی ڕۆستەم دلێری بێباک // زۆراب لەدەسچوو خۆت مەکە هیلاک
٧٨٨ هیچ بەقای نییە ئەم دنیای فانی // ئەو مرد تۆ بژی بەشادومانی
٧٨٩ لە دنیا ملیۆن مەردان کۆچیان کرد // هەزاری وەک زورابی تۆ مرد
٧٩٠ لە ڕۆژی ئەزەل نووسرابوو لەسەر // باوک لە کوڕی نەزانێ خەبەر
٧٩١ هوشەنگ شاهـ لەگەڵ جەمشید و دارا // هەموو کەوتنە خاک ژێرسەنگی خارا
٧٩٢ ڕۆستەم جا وتی گودەرز نازانی // کەس وەک من نەبوو لە دنیای فانی
٧٩٣ بە مەودای ئەلماس خەنجەری بڕان // جەرگی فەرزەندم، پشتی خوم شکان
٧٩٤ ڕاستیان وتووە حەکیمانی زوو // چاک دەبێ زامی تیغ بە نوشداروو
٧٩٥ کە وا لە خەزنەی کەیکاووس شادا // وا لە سندوقی سافی تەڵادا
٧٩٦ زۆر ڕجا دەکەم گودەرزی دانا // زەحمەت بکێشە هانا سەد هانا
٧٩٧ بچۆ بۆ خزمەت شای کەمەرلاڵان // عەرزی کە هەموو باس و ئەحواڵان
٧٩٨ بڵێ کە ڕۆستەم کردوویە خەتا // جەرگی کوڕی خۆی دڕیووە ئەی شا
٧٩٩ کەمێ نوشداروو بنێرێ بۆمان // چاوم لەڕێیە دەخیل و ئەمان
٨٠٠ گەر شیفا بدا خوای دادگەر // زوو لەخدمەتیا دەبەستم کەمەر
٨٠١ هەتاکوو زیندووم لەسەر ڕووی بیسات // کەمەربەستەم من، حازرم لە لات
٨٠٢ گودەرز کە ڕۆیشت گەیشتە حزوور // سوجدەی بردە بەر شاهی بێ قسوور
٨٠٣ عەرزی ڕۆستەمی هەموو سەرتاپا // گێڕایەوە بۆ شاهی عالی جا

٨٠٤ شاه وتی گودەرز تۆ هەی خەبەردار // وتم تووس ڕۆستەم زوو بدە لە دار
٨٠٥ خەیاڵی وا بوو من بکا دوستاخ // وا لە دڵمایە ئێستاش دەرد و داخ
٨٠٦ ئەوسا تەنها بوو ڕۆستەم هەزار جار // قسەی زۆر ڕەق بوو لەلای شەهریار
٨٠٧ چاک ببێتەوە ئەگەر فەرزەندی // لە کەس نامێنێ ترس و گەزەندی
٨٠٨ ڕۆستەم و زۆراب یەک بگرن ئامان // زوو دەکەن وێران ئێران و توران
٨٠٩ گودەرز گەڕاوە بێ سەبر و ئارام // هاتەوە بۆ لای نەوەی زاڵی سام
٨١٠ وتی کەیکاووس بێ عەقڵ و خامە // دێوانە، مەجنون، شێت و نەفامە
٨١١ خەیاڵی پوچی هێناوەتە دڵ // ئەڵێ نوشداروو لام نابێ حاسڵ
٨١٢ چاکتر وەهایە خۆت بچی ئێستا // زوو لێی بسێنە و ورەوە دوا
٨١٣ ڕۆستەم بەربووە شیوەن و زاری // فەرمووی چەند فەرشی جوانی زەڕکاری
٨١٤ هێنایان بۆ لای بەعەجەلە و تاو // لێی پرژاند عەتر و عەنبەر و گوڵاو
٨١٥ پێچای لە لاشەی فەرزەندی شیرین // پارچەی ئاوریشم دیبای کاری چین
٨١٦ هەڵیان گرت لە سەر خاکی سیای تار // بردیانە خێمەی خاسی زەڕەنگا
٨١٧ لەلای حازربوون گشت پاڵەوانان // دەستیانکرد هەموو جا بە قوڕپێوان
٨١٨ هەڵسا واوەیلا و شیوەن و ئەفغان // لە دلێرانی لەشکری ئێران
٨١٩ گەورەکان گیو و گودەرز و گوشاد // زوارە و بەهرام شیدوش و فەرهاد
٨٢٠ سەف سەف کۆمەڵبوون لەشکر خرۆشا // دلێران لیباسی ڕەشیان زوو پۆشا
٨٢١ ڕۆستەم هاواری دەکرد دەنالا // نالەی دەچووە سەر عەرشی بالا
٨٢٢ زۆراب وتی پێی نەوەی زاڵی سام // بەس بکە شیوەن بێ سوودە لەلام
٨٢٣ تەقدیری وابوو خالقی مەعبوود // فەرزەند لە باوکی نەگات بە مەقسوود
٨٢٤ من لە تۆم پرسی نەک جارێ چەند جار // بە هیچ نەوعێ خۆت نەکرد ئیزهار
٨٢٥ تازە خۆ شیوەن فائیدەی نییە // عومرم ئاخر بوو زاری و شین چییە
٨٢٦ تۆ شیوەن مەکە نەوەی توخمی زاڵ // مەگری خوت مەکە هێندە پەشێوحاڵ
٨٢٧ بەڵام لەشکرم وا لە دەشت و دەر // بێ گەورەی سەردار بێ کەس و بێ دەر
٨٢٨ وا بەجێ ماون عاجز و بێ کەس // ڕەنجبەخەسار بوون بێ هودە و عەبەس
٨٢٩ من وا بەخەنجەر پارەبوو جەرگم // ئەمانەت بە تۆن ئەوان پاش مەرگم
٨٣٠ دەترسم کاووس پادشای ئێران // بەشەو شەبەیخون بکا بۆ سەریان
٨٣١ یەکێ بنێرە بەتەعجیل و دەو // بڵێ بار بکەن زوو بڕۆن بە شەو
٨٣٢ بە دڵی عاجز بچنەوە توران // ساکن بن لە جێ و مەنزڵی خۆیان
٨٣٣ گورز و تیر و تیغ ئەسلەحەی جەنگم // جلی خوێناوی و درعی شەوڕەنگم
٨٣٤ بیدەن بە دایکم بڵێن پەشێوە // جلم جێی تیغی ڕۆستەم وا پێوە

٨٣٥ دایکم هەر بگری بۆ بەختی زەبوون // بۆ زامی سەختم بۆ دەردی دەروون
٨٣٦ سەرم نایە خاک ژێر سەنگی خاران // بێزاربووم لە دین دیداری یاران
٨٣٧ وەسیێتی زۆری کرد بۆیان ئەمجا // شەو بەسەردا هات بە ئەمری خودا
٨٣٨ بەزامی تیغی زەهراوی فەرەنگ // ڕویشت لە دنیای کاروانسەراڕەنگ
٨٣٩ وەختێ بەیانی جا بە ئەمری شا // قەتاری زۆریان یەکجار ڕاکێشا
٨٤٠ دایان بەیەکدا لە دەشتی پڕ قین // کۆچیان کرد ڕۆین لە کابل زەمین
٨٤١ کاتێ باریانکرد لەشکر و سوپا // لەشکری زۆراب مایەوە لەدوا
٨٤٢ بەعزێ پاڵەوان و سوپای زابلی // لەگەڵ کەسوکار خزمی کابلی
٨٤٣ مانەوە لەوێ دەروون لە غەم کەیل // فرمێسک لە چاویان دەهات وەکوو سەیل
٨٤٤ ڕۆستەم خەجەڵ ما عاجز شەرمەسار // سەراپەردەی خاس، خێمەی زەڕەنگار
٨٤٥ ئەستوونی چادر زنجیری کەمەند // فەرشی ئاوریشم کورسی دانەبەند
٨٤٦ کۆمەڵی کردن هەموو لە سەحرا // سووتاندی یەکسەر ئاگری تێبەردا
٨٤٧ لاشەی زیوینی زۆرابی دولبەر // شۆردرا بە کافوور بە میسک و عەنبەر
٨٤٨ خستیانە تابووت ئاڵای دڵپەزیر // برینیان پڕکرد لە عەتر و عەبیر
٨٤٩ هەڵیانگرت شێران ئازای کەمەرلاڵ // بە شین و گریان بردیان بۆ لای زاڵ
٨٥٠ زاڵ خەبەری بیست پیری زەمانە // مەتەحەییر بوو دەرهات لە یانە
٨٥١ لەگەڵ ئەهلوبەیت هاتن بۆ ئەیوان // دەنگی شیوەنیان دەچوو بۆ کەیوان
٨٥٢ بینیان کەوا ڕۆستەم بوو پەیدا // بەپەرۆشەوە وەک ژن دەگریا
٨٥٣ زاڵی زەڕ دەروون پڕ ئێش و ئازار // یەخەی خۆی دڕی لە سەر هەتا خوار
٨٥٤ ناردی تابوتیان خێرا هێنا بۆی // هەتا ببینێ جگەرگۆشەی خۆی
٨٥٥ بە گاز بزماری تەختەی کرد پارە // کردی تەماشای کوڕی بێ چارە
٨٥٦ بە باڵا و هەیبەت هەر وەکوو سام بوو // بە باهوو، شێری شەرزەی تەمام بوو
٨٥٧ عەمری چواردە ساڵ دەبوو یا کەمتر // جەرگی بڕابوو بە نووکی خەنجەر
٨٥٨ ڕووی کردە ڕۆستەم زاڵی سیابەخت // ناڵاندی وتی پێی بە بانگی سەخت
٨٥٩ وتی ئەی ڕۆستەم نەحسی ناپەسەند // شەرمەندەی دنیا و دەرگای خوداوەند
٨٦٠ تۆ هیچ نەترسای لە ڕۆژی مەحشەر؟ // ئەم کوڕەت وا کوشت، ئەی خاکت بەسەر
٨٦١ بێ ڕەحم و مرووەت بۆ بڕیت جەرگی // بە خوێن ڕەنگت کرد سەرتاپا بەرگی
٨٦٢ یا خوا جێگات ئاگر سەقەر بێ // جەرگت لەتلەتی تێغی خەتەر بێ
٨٦٣ خولاسە چەند ڕۆژ شین و زاری بوو // لە زابل هاوار بێ قەراری بوو
٨٦٤ لە ئاخریدا بە شین و گریان // سپاردیان بە خاک لاشەی نەوجەوان

## باسی خەبەرزانی دایکی زۆراب لە کوژرانی کوڕەکەی بە دەستی ڕۆستەم

٨٦٥ بۆ دایکی زۆراب کە بردیان خەبەر // وتیان کە زۆراب بە تیغی خەتەر
٨٦٦ بە دەستی ڕۆستەم زویر و زەبوون بوو // سەرتاپا بالای ڕەنگین بە خوون بوو
٨٦٧ کوژرا بە تیغی زەهراوی خەتەر // چووە ژێر خاکی تاریکی بێ دەر
٨٦٨ دایکی کە بیستی بەم نەوعە ئەحواڵ // بە ناخون هەڵی کەند قەترانی خاڵ
٨٦٩ وتی نەوەی شێر دڵپەسەندم ڕۆ // ڕۆڵەی نازدار و هونەرمەندم ڕۆ
٨٧٠ گوڵڕوو، گوڵدەماغ، نەونەمامم ڕۆ // شێری شێرزادە توخمی سامم ڕۆ
٨٧١ زۆرابی زەڕمشت بەچکە شێرم ڕۆ // ئازا و ڕەشید و زۆر دلێرم ڕۆ
٨٧٢ هەر خۆم بەقوربان زڕەی کەوانت // بەفیدای های و هوی عەرسەی مەیدانت
٨٧٣ گیانم بەقوربان گیانی شیرینت // فیدای بەزم و ڕەزم مەیدانی قینت
٨٧٤ فیدای بالاتبم نەونەمامی نۆ // عەمرم نەمێنێ یاخوا لەپاش تۆ
٨٧٥ قوربانی گۆنای شەوچراغت بم // فیدای زامی سەخت ئۆف و ئاخت بم
٨٧٦ هومێدم هەیە جیهانئافەرین // حەقت بسێنێ ڕۆڵەی دڵغەمگین
٨٧٧ سەرتاپا جلی تەعزیەی پۆشی // لەجێی نان و ئاو خوێناوی نۆشی

## باسی لەشکربردنی تەمینە بۆ شەڕ لەگەڵ ڕۆستەم

٨٧٨ ڕۆژێ تەمینە زۆر ڕقی هەڵسا // سوێندی خوارد بەزات خودای بێ هاوتا
٨٧٩ دەبێ من هەڵسم نیقاب بپۆشم // بۆ ئێران بڕۆم بەقار بخرۆشم
٨٨٠ شاری سیستان و قەسری زاڵی سام // بسووتێنم من بەجارێ تەمام
٨٨١ لەباتی قەساس خوێنی کوڕەکەم // شەرت و عەهد بێ ببینم ڕۆستەم
٨٨٢ بە شیری هیندی لەت بکەم جەرگی // سوور بکەم بە خوێن سەرتاپا بەرگی
٨٨٣ ئەمری کرد سوپا لەشکر دەستوبرد // حازر بوو دەر حاڵ بۆ جەنگ و نەبەرد
٨٨٤ سیلاحی شەڕی بە قامەت پۆشا // بۆ شەڕ و دەعوای ڕۆستەم خرۆشا
٨٨٥ تیغی ئەڵماسی تیژی پڕ خەتەر // وەکوو شێری نەڕ بەستییە کەمەر
٨٨٦ (سی)هەزار سوار کەمەربەستەی شەڕ // بردی ڕووی کردە دەشت و سەحرا و دەر
٨٨٧ ڕۆیشت بەیەلغار بە بێ مودارا // لەشکر داپۆشی ڕووی دەشت و سارا
٨٨٨ زاڵ خەبەری بیست بە دڵی پڕ دەرد // وتیان تەمینە خالان لاجیوەرد
٨٨٩ هاتووە بۆ خوێنی فەرزەندی، زۆراب // بەپەرۆشەوە بە دڵی پڕ تاب
٨٩٠ ئەڵماسی بۆ شەڕ کردووە بە بەردا // شمشێری هیندی وا لە کەمەردا

٨٩١ که ئەمەیان بیست ڕۆستەم لەگەڵ زاڵ // چوونە دەرەوە عاجز پەشێوحاڵ
٨٩٢ چوون بۆ بەرامبەر تەمینەی بێگەرد // یەخەیان دڕی بە دڵی پڕ دەرد
٨٩٣ بۆ زۆراب دایکی یەکجار عاجز بوو // ئەسپەکەی تاودا پێیان گەیشت زوو
٨٩٤ هەڵی کێشا تیغ ژەهراوی فەرەنگ // کە بیدا لە سەر پەهلەوانی جەنگ
٨٩٥ زاڵ خێرا ڕۆیشت زوو بەدەستوبرد // لە دەست تەمینە تیغەکەی دەرکرد
٨٩٦ زۆر لە تەمینە پاڕایەوە زاڵ // عوزری خواست لەلای بانووی سەوسەنخاڵ
٨٩٧ جا ڕۆستەم وتی زاڵی زەڕ ئامان // بیکە بە حەقی حەزرەتی یەزدان
٨٩٨ بهێڵە بە تیغ با ببڕێ جەرگم // قەتڵم واجبە لایەق بە مەرگم
٨٩٩ تۆو خوا جوولەکە یا گاور و فەرەنگ // کێ کوشتوویەتی کوڕی خۆی لە جەنگ؟
٩٠٠ زاڵ وتی ڕۆڵە یەقین بزانە // ئەمە تەقدیری ئەمری یەزدانە
٩٠١ حەکاکانی دەور مەردانی عاقڵ // هیچ کەس تەقدیری نەکردووە باتڵ
٩٠٢ چاک وایە لەلام لەمەولا بە جووت // هەردوو دانیشن خودای جەبەرووت
٩٠٣ بەڵکوو مەرحەمەت بکا سەرلەنۆ // کوڕێ کەرەم کا بە ئەو و بە تۆ
٩٠٤ بکەن شوکرانەی خودای فریاڕەس // غەم هەتاکوو سەر نامێنێ لای کەس
٩٠٥ زاڵ نەسیحەتی هێندە کرد هەردوو // بە قسەیان کرد دڵیان ساکن بوو
٩٠٦ دابەزی لە ئەسپ بەحوسن و جەماڵ // ئیقناع بوو بە قسە و نەسیحەتی زاڵ
٩٠٧ ئەمجا زاڵی زەڕ پیری فەرزانە // دەستی گرتن و بردنیە یانە
٩٠٨ تەمینە دانیشت لەگەڵ فیلەتەن // بە سوورەت وەکوو گوڵغونچەی چەمەن
٩٠٩ چەند حەفتە لەوێ غەمی دا بە باد // لەو ترش و تاڵە خاتریان بوو شاد
٩١٠ لە پاشان بە ئەمری خودای لامەکان // باری حەملی بوو تەمینە دیسان
٩١١ نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ کە وەعدەی ڕابورد // خودا کوڕێکی پێیان کەرەم کرد
٩١٢ وازیان کرد دەرگای خەزێنەی شاهان // دووڕی ئاڵتوونیان زۆر کرد بە ئیحسان
٩١٣ ئەمجا بە جاڕێ غەمیان دا بە با // ناوی کوڕەیان (فەلامەرز)نا
٩١٤ چەند پارچە قوماش چەند خەزێنەی سام // دایان بە فەقیر و هەژار و ئەیتام
٩١٥ بە عەونی خودا خالقی عالەم // تەواو بوو جەنگی زۆراب و ڕۆستەم
٩١٦ هەزاران سەڵاوات و درووود و سەلام // لەسەر ڕۆحی پاک سەیدولئەنام

## تەواو بوو

## فەرهەنگۆک

## هەندێک لە وشەکان هەر بە ڕێنووسی عەرەبی/فارسی نووسراون

ژمارەی دێڕ:

١ /لامکان: بێ شوێن؛ شوێنبزر/خالق الخلق: درووستکەری درووستکراوەکان.

٢ /کن فیکون: ببە دەبێت/بێ مثل و مانند: بێ هاوشێوە/بێچوون: بێ هاوشێوە.

٣ /ستار: پۆشەر/بەد: خراپ/ملک الملوک: پادشای پادشایان/الله الصمد: خوای بێنیاز.

٤ /ئوستاد: مامۆستا/نقاش: شێوەساز/اجادکننده: بەدیهێنەر/جەمع المرسلین: سەرجەم نێردراوان.

٦ /تاب: هێز/ئەفراسیاب: ئەفراسیاو.

٧ /معرکة : جەنگ/کارزار: گۆڕەپانی شەڕ/عدم: نەبوون/خالق الجبار: درووستکاری بەتوانا.

٩ /مستقیم: ڕاستوڕەوان/شەرمسار: شەرمەزار/توفیق: سەرکەوتن/خالق العالم: درووستکەری جیهان.

١٢ /شکار: ڕاو.

١٣ /کەمەند: جۆرە تەنافێکە لە جەنگدا بەکار هاتووە/گورز: ئامرازێکی سەر ئەستووری دەسکدار گاوسەر: سەر ئەستووری بزماراوی/خەنجەری دەبان: جۆرە خەنجەرێکە لە پۆڵای جەوهەردار.

١٤ /ڕەخش: ناوی ئەسپی ڕۆستەمی زاڵ/پەڕندە: فڕندە/تەیار: ئامادە/سەحرا: بیابان.

١٧ /جەنگەڵ: دارستان/ئاهوو: ئاسک/گوور؛ گۆر؛ گۆڕ: کەرەکێوی یاخود گوێرەکە/دەستان: داستان.

١٩ /تیغ؛ تێغ: ئاسنی تیژی بڕندە/سیخ: شیشی لووت تیژ.

٢٢ /سلاح: چەک.

٢٣ /مێرغوزار؛ مێرخوزار: چیمەن و سەوزایی.

٢٧ /نەعرەتە: دەنگی بەرز و گەورە.

٢٨ /اصلا: هەرگیز/هونەروەر: هونەرمەند.

٢٩ /عاقبت: سەرەنجام.

٣١ /خورد و خاو: خواردن و خەو.

٣٤ /تەویلە: گەوڕی وڵاخ.

٣٦ /اثر: شوێنەوار/سڕ: نهێنی.

٣٨ /گوزین: هەڵبژاردە.

٣٩ /پۆستی بەرو: پێستەی پڵنگ/بەقار: قەهر: تووڕەیی.

٤٢ /شکر لله: سوپاس بۆ خوا/عەبد: بەند/ڕووسیا: ڕووڕەش.

٤٥ /گۆپاڵ: گورزی سەرخڕ.

٤٦ /حەفتخوان: حەوتخوان: بەسەرهات و نەبەردەکانی ڕۆستەم.

٤٧ /جیهانپاڵەوان: پاڵەوانی جیهان.
٤٩ /ئەلبورز: زنجیرە چیایەکە لە باکووری ئێران.
٥١ /ئێشکچی: حەسحەس/حەسار: دیواری حەوش.
٥٢ /یقین: بەدڵنیاییەوە/خەنجەرگوزار: خەنجەرووەشێن.
٥٣ /زرێ: کاڵای جەنگ.
٦٥ /معلووم: بەئاشکرا.
٦٦ /غضب: تووڕەیی.
٦٧ /الان: هەرئێستا؛ عەلعانەن.
٦٨ /بێهەمتا: بێهاوتا و هاوشیوە.
٦٩ /حیلە: فێڵ/ئەفسوون: جادوو؛ سیحر.
٧٠ /یەختەسار: قڕبوون و لەناوچوونی بەکۆمەڵ.
٧١ /شتاوان: شتابان: خێرا؛ پەلە.
٧٤ /بەرگوزیدە: هەڵبژاردە.
٧٥ /مەتاع: پێداویستی؛ کولوپەل/کەنیز: ژنی مارەنەکراوی بەپارەکڕراو.
٧٦ /خاکسار: کەسی هەژاری بێنەوا.
٧٨ /لاجیوەرد: جۆرە بەردێکی شینە.
٧٩ /لە گۆش: لە گوێ.
٨٠ /جمع-بوون: کۆبوونەوە.
٨١ /زاڵی کوڕی سام، باوکی ڕۆستەم.
٨٤ /دیبا: جۆریک ئاوریشم.
٨٩ /جامرێز: شوشەبەند؛ جامخانە
٩٠ /منور: درەوشاوە.
٩١ /قلم کشیدە: وەک بە قەڵەم کیشرابێت/سورمە ندیدە: بە بێ سورمە.
٩٢ /سیاە مار: ڕەشمار/لەعل: لاڵ: بەردێکی بەنرخە.
٩٣ /زهرة ومشتري: دوو ئەستێرەن.
٩٧ /دردم: دەستبەجێ.
١٠٦ /تعجیل: بەخێرایی/دەو: دەستوبرد.
١٠٧ /بەبێ تقصیر: بێ خاوەخاو.
١٠٨ /مقصد: مەبەست.
١١٤ /حسن وجمال: جوانی و شەنگوشۆخی.
١١٨ /غەمزە: نازکردن بە چاو.

١١٩ /سەرووی خەرامان: دڵبەری بەلارولەنجە.

١٢١ /بەگلەر: سەرۆک هۆز/مرصع کمر: پشتێنی ڕازاوە بە گەوهەر.

١٢٥ /عرض: خستنەڕوو/زار: خەفەتبار.

١٢٦ /تدبیر: پرسوڕا.

١٢٨ /چەرخی حەوتەم: ئاسمانی حەوتەم.

١٢٩ /طفیل؛ توفەیل: چەورە؛ زگلەوەڕێن.

١٣٠ /در لحظە: لەو ساتەدا.

١٣٧ /در حال: لەو کاتەدا.

١٣٨ /نطفة: تۆوی مرۆڤ.

١٤١ /خوفتان: پۆشاکی بن زرێ بۆ جەنگ.

١٤٣ /یەلغار: شاڵاوبردن.

١٤٥ /هباء: هەدەر.

١٤٦ /ماجرا: ڕووداو.

١٥٤ /زوخاڵ: خەڵووز.

١٥٥ /حمل: دووگیانی.

١٦٣ /نسل: بنەچە.

١٦٥ /احمق: نەفام/مادر بخطا: قەحبە دایک.

١٧٢ /ملعوون: نەفرەتلێکراو/عون: یارمەتی.

١٧٤ /کام بکەیت حاصل: بەهرەمەند ببیت/خجل: خەجاڵەت.

١٧٥ /فرزند: ڕۆڵە.

١٧٨ /کەمەرلاڵ: پشتێنی گەوهەر، لە کەمەر.

١٨٦ /عتاب: توندی نواندن.

١٨٨ /ساندان: خستنەڕێی لەشکر.

١٨٩ /نەفیر: زوڕنای لەشکر/بینظیر: بێهاوتا.

١٩٢ /مادیان: مایین.

١٩٤ /بەفاڵ: ماینی نێرخواز.

٢٠٢ /خروس: کەڵەشێر/کووس: تەپڵ

٢٠٤ /خودە؛ تاسکڵاو: کڵاوی پۆڵایینی سەربازی.

٢٠٧ /عرصة: گۆڕەپانی جەنگ.

٢١٠ /فائق: سەرکەوتوو.

٢١٢ /دعوا: شەڕ و کێشە.

٢١٥ /نادیدەساڵ: بێئەزموون.

٢١٨ /گەنجوور: پاسەوانی گەنج.

٢٢١ /پەیکان: نووکی ئاسنی تیر.

٢٢٢ /فەناء: لەبەینچوون.

٢٢٣ /دخیل: ئامان/زنهار: وشەی ئاگادارکردنەوە.

٢٢٤ /هەلاک: مردن.

٢٣١ /گەوهەر ئەشناسی: شارەزا و سەرناس.

٢٥٠ /عظیم: گەورە/خوف: ترس.

٢٥٣ /بێروون: دەشت و بیابان.

٢٦٩ /جد: باپیر /پدر: باوک

٢٧٥ /فیلەتەن: ڕۆستەم/مشهور: بەناوبانگ.

٢٨٠ /زەمهەریر: سارد ترین شوێنی دۆزەخ.

٢٨٤ /بەدگەوهەر: بێ جەوهەر.

٢٨٧ /بەخواری: بەزەبوونی.

٢٩٦ /چرخ اخضر: ئاسمان یاخود گۆی مانگ.

٢٩٩ /شێری ژیان: شێری تووڕە.

٣٠٠ /مارزەنەندە: کەسێک مار پێوەی دابێت.

٣٠١ /مووشکاو؛ مووشکاف: مووقەڵەشێن /تازەساو: تیخی تازە تیژکراو.

٣٠٤ /موتەحەییر: سەرسوڕماو.

٣١٣ /عیبرەت: پەند.

٣٤٣ /ڕستگار: ڕزگار.

٣٤٩ /عالی تبار: خانەدان.

٣٥٨ /قاسید: ڕەوانە کراو بۆ کارێک.

٣٥٩ /تەکودەو: هەڵەداوان.

٣٦١ /مشرق: ڕۆژهەڵات.

٣٦٦ /دختر: کچ.

٣٧٩ /قتل العام: کۆکوژی/یوم القیام: ڕۆژی ڕەستاخیز.

٣٨٩ /کشندە: بکوژ.

٣٩٢ /دادرس: فریاڕەس.

٤٠٠ /تالوکە: مەترسی.

٤١٢ /بێ دەماغ: بێ تاقەت/دستاق: بەند.

٤١٣ /تهمتن: ئازا؛ دلێر.

٤٣٢ /ناسەواب: نارێک.

٤٣٥ /پەڕەندەی بێ پەڕ: پاڵداری بێ باڵ.

٤٤٦ /ترنج: میوەیەکە لە تیرەی نارنج.

٤٥٢ /ئەو بەدە: ئەو پیاوخراپە.

٤٩٤ /طعنة ؛ تانە.

٤٩٨ /دڵڕێش: دڵشکاو.

٤٩٩ /مودارا: گونجان و سازش.

٥٠٠ /جەبین: ناوچەوان؛ ڕوخسار.

٥١١ /بەیداخ: ئاڵا.

٥١٣ /گوڵگوون: گوڵگوڵ.

٥٢٩ /ئەوج: ترۆپک/مەوج: شەپۆل.

٥٤١ /زرباف: کوتاڵی زێڕین /دیرەگ: کۆڵەکە.

٥٤٢ /عاج: ئێسقانی ددانی فیل.

٥٤٦ /تابدار: درەوشاوە.

٥٥٠ / مەتای بێ هاوتا: کاڵای بێهاوتا.

٥٥٥ / مەتای کەس نەدار: کاڵای وا کە کەس نییەتی.

٥٥٤ /چەنگ: ئامرازێکی موسیکییە.

٥٥٥ /درەفشی کەیان: ئاڵای کەیانییەکان /مەتای کەسنەدار: کاڵای بەبەها.

٥٥٨ /نوقرەبەند: ڕووکەشی زیوکراو.

٥٦٠ /اطراف: چواردەور.

٥٦٢ /ڕۆی شەڕ: ڕۆژی شەڕ.

٥٨٠ /کەشیدە: ڕووکێشکراو /نادرەی زەمان: تاقانەی سەردەم.

٥٩٢ /امدام: هاوکاری.

٥٩٤ /عالي مقام: پایەبەرز.

٦٠٢ /عەیان: دەستنیشان.

٦٠٤ /اقرباء: خزمی نزیک.

٦١٥ /شەوڕەنگ: پۆشاکی ڕەش.

٦١٧ /بەتاب: بەچێژ.

٦٢٢ /عەینی: وەکوو.

٦٣٨ /مغز: مێشک.

٦٥٥ /يوم الممات: ڕۆژی مردن.

٦٥٨ /رخت خاب: جێگەی نووستن.

٦٥٩ /سیاقیر: تاریکی شەو.

٦٨٥ /سینەت بە تیغی هیندیم دەکەم چاک: سنگت بە خەنجەری هیندی توێتوێ دەکەم.

٦٨٩ /نادرەی دەورم: بێوێنەی زەمانم.

٧١٨ /حي لاینام: خوای زیندوو کە هەرگیز ناخەوێت.

٧٦٣ /چەند دەفعە: چەند جار.

٧٦٤ /ماری ئەرقەم: جۆرێکە لە مار.

٧٧٩ /خەستەحاڵ: پەشێوحاڵ.

795 /طلا: ئاڵتوون.

٧٩٨ /خطأ: هەڵە.

٨٠٣ /عالی جا: پایەبەرز.

٨١١ /خامە: کەمزان.

٨١٧ /قەتلم واجبە: کوشتنم پێویستە.

٨٢٢ /مەرحەمەت: میهرەبانی.

٨٢٧ /فەرزانە: فرەزان؛ ژیر.

٨٢٦ /یانە: ماڵ.

٨٥٩ /نەحس: شووم.

٩١٦ /سید الانام: گەورەی مرۆڤایەتی